



# یەکێتی زانایان کتێبێک لەسەر مێژووی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی چاپ و بڵاو دەکاتەوە

لە هەنگاوێکی گرنگ و تایبەت و وەك خزمەتێك بۆ مێژووی ئەم ڕێکخراوە و ئاوەڕدانەوەیەك بۆ خزمەت و خەباتی، یەکێتی زانایانی ئایینی کتێبێك بە ناونیشانی (پەنجا ساڵەی تەمەن- یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان- مێژوویەك لە خزمەت و شانازی) بڵاو دەکاتەوە.

ئەم کتێبە هەڵوەستەیەکی تایبەتی لەسەر مێژووی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کردووەو، بەشێکی سەرگوزشتە و وێستگەکانی ئەزموون و تەمەنی ئەو ڕێکخراوەی کۆکردۆتەوەو یادەوەری و خزمەت و کاراکتەرە دیار و خەمخۆرەکانی ناو یەکێتی زانایانی بەرچاو خستووە.

ئامانج لەم کتێبە زیندوو هێشتنەوەی مێژووە شکۆدارەکەی زانایانە وەك بەشێکی توراس و بزاڤی ئایینی و نەتەوەیی، هەمیش بۆ خزمەتی زیاتری ئۆرگانی کاری ڕێکخراوەیی و پیشەییە لە قۆناغی هاوچەرخ و ئەرکی ئێستاو ئایندە، لەو نێوەدا دەکرێ بە نۆبەرەی مێژوو و پەراوێزی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دابندرێت.

ئەم بەرهەمە لەسەر هەر سێ ڕەهەندی (دەستکەوت و یادەوەری و نەخشەڕێگا) خۆی دەبینێتەوە، کە ئەزموونێکی پڕ بایەخ و خەرمانێکی گەورەو میراتێکی ئێجگار گرنگە و تێیدا هەڵوێست و دڵسۆزیی زانایانی ئیسلام لە مەیدانی خەبات و خزمەتی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی خراوەتەڕوو.

شایەنی باسە لەم کتێبە کۆمەڵێك دیکیۆمێنتی مێژوویی و وێنەی تایبەت و بابەت و یادەوەری بڵاو کراوەتەوە و بەپێی توانا هاوسەنگی لە سنوور و جۆر و ناوەڕۆك تێیدا ڕەچاو کراوە.

دەیڤید ئێڵ فیلیپس بۆ کۆچی دوایی د.نەجمەدین کەریم:

# دکتۆر نەجمەدین وێنەی کارەسات و شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی هێنایە ئەمریکا

**دەیڤید ئێڵ فلیپس کە بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤە لە ئەنستیتیوتی دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، یەکێکە لە دۆستە گرنگەکانی کوردستان و خاوەنی پرۆسەی (هاوبەشیکردنی دەسەڵات لە عێراق) و کتێبی (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە عێراقدا)یە و، دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەریش کتێبێکی بە ناونیشانی (خیانەتە گەورەکە. چۆن ئەمریکا پشتی لە کورد کرد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دۆڕاند) بە چاپ گەیاند. ئەم دۆستە نزیکەی کورد، یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی خوالێخۆشبوو د.نەجمەدین کەریم و بە بۆنەی کۆچی دواییەوە، ئەم پەیڤەی تایبەت بۆ گوڵان ناردووە، وەك یادەوەرییەك بڵاوی دەکەینەوە.**

**لە یادی نەجمەدین کەریم دا (١٩٤٩-٢٠٢٠)**

د. نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووك لە هەرێمی کوردستان، و سەرۆکی دامەزرێنەری ئەنستیتیوتی کوردی واشنتۆن، و پزیشکی بەنێوبانگی مێشك و دەمار لە واشنتۆن دی سی، لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد. کە خێزانەکەی و خەڵکانی خۆشەویستی خۆی لە دەوری بوون.

نەجمەدین کەریم خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن شکۆ و رێز بوو.

من لە ساڵی ١٩٨٨دا بینیم کاتێك وێنەی ئەو هێرشە کیمیاییانەی هێنا کە رژێمی پێشووی عێراق کردییە سەر کورد لە هەڵەبجە. لە ساڵەکانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا پێکەوە سەردانی کوردستانمان کرد و لەو کاتەوە بووینە دوو دۆستی باش و لە نزیکەوە هاوکاری یەکترمان دەکرد. کۆچی دوایی ئەو خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ من، هەروەها خەسارەت بوو بۆ کورد و کوردستان.

کاتێك نەجمەدین کەریم قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوو، پەیوەندی کرد بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردییەوە و بووە پێشمەرگە- ئەو کەسانەی بەرەنگاری مەرگ دەبنەوە-. لە ٧ی ئازاری ٢٠١٠دا، ئەو وەك نوێنەری پارێزگای کەرکووك بە ئەندام پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە بە پارێزگاری کەرکووك هەڵبژێردرا. نەجمەدین کەریم ژیانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی مافە کەلتووری و سیاسییەکانی کورد و خەباتکردن لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووس تەرخان کرد.


لە ١٦ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧دا، و دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستانی عێراق کە لە سەتا ٩٢,٧ دەنگدەران (بەڵێ)یان بۆ کرد، حکومەتی عێراق بە پشتیوانی سوپاکەی و ئەو میلیشیایانەی ئێران پاڵپشتی دەکردن، ناچاریان کرد، پۆستەکەی لەدەست بدات.

نەجمەدین کەریم لە دوای خۆی هاوسەرەکەی و چوار منداڵ و چوار نەوەی جێهێشت .




بۆ مێژوو..
مەسعود بارزانی

# لە پەراوێزی «بۆ مێژوو»دا!



د. ڕەشاد میران
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

«بۆ مێژوو» لە بەشی هەرەگرنگ و هەستیاریدا، بەشی تایبەت بە ڕیفراندوم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بە وردەکارییەوە دوو دیاردەی تەواو دژ بەیەکی لەخۆ گرتوون – یەکەمیان ڕیفراندوم کە یەکبوونێکی بێ وێنەی سەرلەبەری نەتەوەی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و هەڵچوونێکی نەتەوەیی، ئەم دیاردەیەش بەرهەمی دەسپێشخەری و پێداگیریی خوودی نووسەر، کاك مەسعود، بوو کە توانی بە پرۆسەیەکی سیاسیی درێژ، ئاڵۆز و پڕ لە هەژموونی جۆراوجۆردا چالاکانە و لەخۆبوردووانە بیگەیێنێ بە کۆتا قۆناغەکانی و ئەنجامی شیاو، شایستە و پڕبە قەبارەی ئامانجە نەتەوەییەکەی لێ بچنێتەوە.

دیاردەی دووەم ڕێك پێچەوانە بوو؛ مەبەست ڕووداوەکەی شازدەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا ؛ ئەوەش، دیسان مخابن، دووبارە و سەدبارەی هەمان دیاردە بوو کە لە مێژووی کورددا لێی ڕاهاتووین- واتە لێك ترازان، ناکۆکی، ناتەبایی، پێکدادان .. لە ڕاستیشدا ئەم بابەتە ڕەهەندی مێژوویی، سیاسی، کولتووری، دەروونی و هیتری هەیە و لێکدانەوە و قسەی زۆر هەڵدەگرێ.

**«بۆ مێژوو « کۆکراوەی ئەزموونگەلێکی مێژوویی و سیاسیی کوردە، ڕووداو و هەڵوێستەکانی لەخۆگرتوون.. دەکرێ نەک هەر وەک کتێبێک و سەرچاوەیەک تەماشابکرێ، بەڵکو زێترە لەوە — ناواخنی پڕە لە وانەی بەپێز، دەکرێ سوودبەخشبن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووشمان**

**لە کتێبی «بۆ مێژوو»دا، ڕەوایانە، زۆر جەختکراوەتە سەر چەمکەکانی: ڕێزگرتن، هاوبەشی، دەستوور، گفتوگۆ، ماف، ئیرادە، پێشمەرگە.. و بە وردەکارییەوە دەریخستووە کە چۆن لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە ئەمانە بێ بەها کراوون**

**دەسەڵاتدارانی بەغدا هەمیشە هەرێمیان وەک پارێزگاکانیتری عیراق حسێب کردووە، لەکاتێکدا هەرێمێکی فیدراڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ئیمتیازاتی هەن کە دەبێ ڕەچاو بکرێن**

مێژوو، سیاسەت و ئەرشیفکردن سێ بواری هەرەگرنگ و لەهەمان کات ئازاربەخشن بۆ کورد. یەکەمیان گەنجینەیەکە لە نەهامەتی، کارەسات و لاپەڕەی شاردراوە؛ سیاسەتیش هۆکاری هەرەکاریگەری دروستبوونی ئەم جۆرە مێژووەی کوردە کە بەشی هەرەزۆری ئەرشیف نەکراوە.. کەچی ئەوەی مایەی خەفەت و دڵگرانییە ئەو هۆکارە کاریگەرە، واتە سیاسەت، بەردەوامە لە گێڕانی ڕۆڵی نیگەتیڤانەی خۆی و بەمەشەوە دارشتنی مێژووی هاوچەرخیشمان بەهەمان شێوەی ئەوەی کۆنمان، بەڵام جەرگبڕتر و پڕئازارتر.

جێگای دڵخۆشییە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بزاڤێکی ئەرشیفکردن هەڵیکردووە، ڕووداوە مێژوویی و چارەنوسسازەکان دەخرێنە سەر لاپەڕەکانی کتێبی مێژوویی، سیاسی، یادەوەری و.. کتێبی هێژا مەسعود بارزانی «بۆ مێژوو» یەکێکە لەوان، بەڵام فرەڕەهەندتر، دەوڵەمەندتر و هەنووکەییتر. ئەم کتێبە ئەگەرچی هەموو ڕەهەندەکانی گرنگن، بەڵام بە ئەرشیفکردنی نووسراو و بەڵگەنامەکان، بەڕای من، هەرە پێویست و گرنگەکەیانە. کتێبەکە دوورە لە قسەی گۆترە، باس و ڕووداوەکان بەڵگەیان لەسەر هەیە و بووە بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئێمە و بۆ نەوەکانی داهاتووشمان.

نووسەری هێژا لە دووتوێی کتێبەکەیدا، جگەلە مێژووی سەدەی ڕابردوو و مێژووی سەردەم- ڕاپەڕین، دروستبوونی هەرێمی کوردستان، ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئینجا عیراقی فیدڕاڵ و سیاسەتەکانی حکومەتی بەغدا بەرامبەر بە کورد، بڕینی بودجە و دەرهێنانی نەوت، هێرشی دڕندانەی داعش بۆ سەر کوردستان.. تا دەگاتە ڕیفڕاندوم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ — پەرژاوەتە سەر هەموو ئەو بابەتانە؛ کتێبەکەشی بە هەندێ وێنە و نەخشەی گرنگ و ماندار ڕازاندۆتەوە.

«بۆ مێژوو» لە بەشی هەرەگرنگ و هەستیاریدا، بەشی تایبەت بە ڕیفڕاندوم و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بە وردەکارییەوە دوو دیاردەی تەواو دژ بەیەکی لەخۆ گرتوون — یەکەمیان ڕیفڕاندوم کە یەکبوونێکی بێ وێنەی سەرلەبەری نەتەوەی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و هەڵچوونێکی نەتەوەیی، ڕۆحی و مەعنەویی جەماوەری کوردی بەرپاکرد.. ئەمە دیمەنێکی دەگمەن بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا و، بۆ ماوەیەك، ئیلهامی ئاسۆیەکی گەشی بۆ ئایندە بە ئەندامانی گەلی کورد بەخشی - ئەم دیاردەیەش بەرهەمی دەسپێشخەری و پێداگیریی خوودی نووسەر، کاك مەسعود، بوو کە توانی بە پرۆسەیەکی سیاسیی درێژ، ئاڵۆز و پڕ لە هەژموونی جۆراوجۆردا چالاکانە و لەخۆبوردووانە بیگەیەنێ بە کۆتا قۆناغەکانی و ئەنجامی شیاو، شایستە و پڕبە قەبارەی ئامانجە نەتەوەییەکەی لێ بچنێتەوە. ئەمە ڤستیڤالی نمایشکردنی ئیرادە و ئارەزوو و ئامانجی نەتەوەیەك بوو کە دەرئەنجام وەك خاڵێکی گەشاوە لە مێژووەکەیدا تۆمارکرا.

مخابن، دیاردەی دووەم ڕێك پێچەوانە بوو؛ مەبەست ڕووداوەکەی دوای ڕیفڕاندومە لە شازدەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا؛ ئەوەش، دیسان مخابن، دووبارە و سەدبارەی هەمان دیاردە بوو کە لە مێژووی کورددا لێی ڕاهاتووین- واتە لێك ترازان، ناکۆکی، ناتەبایی، پێکدادان.. لە ڕاستیشدا ئەم بابەتە ڕەهەندی مێژوویی، سیاسی، کولتووری، دەروونی و هیتری هەیە و لێکدانەوە و قسەی زۆر هەڵدەگرێ.

ئاشکرایە کە، وەکو نووسەر خۆشی ئاماژەی پێداوە، گرتنەوەی کەرکووك و ناوچە کوردییە دابڕێنراوەکان هەمیشە لە بەرنامەی حکومەتی بەغدا بووە و ئەمە پەیوەندیی بە ڕیفڕاندومەوە نەبوو؛ ئەگەرچی ئەمەی دوایی کرا بە بیانووی پێشخستنی ئەوی یەکەم. بەڵام بۆ لایەنی نێودەوڵەتی ئامانج ڕیفڕاندووم بوو؛ ئەوەش دەرکەوت لە کۆبوونەوەکەی سحێلا لە ٢٠١٧/٩/١٤ کاتێك برێت ماکگۆرك و سەفیرانی ئەمەریکا و بریتانیا و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان بۆ ڕیفڕاندووم بە سەرۆکی هەرێم کاك مەسعود ڕاگەیاند.. ئەم هەڵوێستەشیان بە کردەوە لە گەلەکۆمەکێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتیی هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر ئەو ناوچانە خۆیی نواند.

پاراستنی یەك پارچەیی خاکی عیراق هەمیشە و تاکو ئێستاش ئامانجی هەموو لایەنەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی بووە، مەسەلەکەش هەرگیز پەیوەست نییە بە ماف و بە ئەخلاق و

عەدالەتەوە- هەرێمی کوردستان قەوارەیەکە ئەم لایەنانە لەسەری ڕێککەوتوون و لەلایەن خۆیانەوە سنووری بۆ دانراوە و بۆیەش دەرچوون لەو سنوورە دەرئەنجامی نێودەوڵەتیی لێدەکەوێتەوە. ئەم ڕەوشە ئەگەر لە شوێنێکیتری جیهان بوایە ڕەنگە بەجۆرێك چارەسەر دەکرا؛ بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گڕگرتوودا، لە نێو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەی نێودەوڵەتیدا و سروشتی ئاڵۆزی خودی کێشەی کورد ڕەوشەکە وەکو خۆی ڕاگیرا و کوردستان «دیسان» بووەوە بە دوورگەکەی تۆماس فریمان – من لەو باوەڕەدا بووم، ئێستاش دەیڵێمەوە، کە کاردانەوەکان بەرامبەر بە ڕیفراندووم، ئەگەرچی کەم نەبوون و زۆریش نەهامەتییان تیابوو بۆ هەرێم، گەلێ توند و تیژتر دەبوون ئەگەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بەم ڕادەیە ئاڵۆز نەبوونایە. ئێمە گرەومان لەسەر ئەو هاوکێشەیە کردبوو، بەڵام کۆبوونەوەکەی سحێلا پێش وەخت گرەوەکەی ئێمەی لەگۆڕنا و.. ئەوساکەش بۆ ئێمە درەنگ بوو.

لێرەدا، سەرنج بۆ ئەوەش ڕادەکێشین کە کێشەی کورد تەنیا کێشەی خاك و نەتەوە و تەنانەت ئازادی و سەربەخۆییش نییە، بەڵکو بەر لە هەموو ئەوانە کێشەی، بەقسەی فەیلەسوفی ئەمەریکی فۆکۆیاما، تیمۆسە "Thymos" – واتە ڕێزگرتن لە شکۆ و داننانە بە ناسنامە.. بە ڕای فۆکۆیاما، سیاسەتی ناسنامە بووەتە بەشێکی گرنگی خەباتی سیاسیی سەردەمی نوێ و لەمەشدا پشت بە فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگل دەبەستێ کە گوتوویەتی «خەبات لەپێناو دانپێانان بزوێنەری هەرەبەهێزی مێژووی مرۆڤایەتییە و کلیلی تێگەیشتنە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جیهانی مۆدێرن».

کورد لەنێو قەوارەی عیراقی سەردەمدا، بێگومان پێشتریش، هەستی بە دانپیانان نەکردووە وەك پێکهێنەرێکی سەرەکیی دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ و وەك کیانێکی خاوەن قەوارەی تایبەت.. دەسەڵاتدارانی بەغدا هەمیشە هەرێمیان وەك پارێزگاکانیتری عیراق حسێب کردووە، لەکاتێکدا هەرێمێکی فیدراڵ کۆمەڵێك تایبەتمەندی و ئیمتیازاتی هەن کە دەبێ ڕەچاو بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی هەرێمی کوردستان تا ئەوپەڕی پشوودرێژ بووە و چاوی پۆشیوە لە گەلێك لە پێشێلکارییەکانی حکومەتی بەغدا کە هەریەکێك لەم پێشێلکارییانە (هەر لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و.. تا دەگا بە بڕینی بودجەی هەرێم)- دەڵێم هەریەکێکیان شایستەی ئەوە بوو هەرێم کشانەوەی خۆی لە بەغدا ڕابگەینێ؛ کەچی مخابن هەڵوێستێکی لەم جۆرەی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانمان نەبینی و ئەوساکەش ڕەوشەکە بە دڵنیاییەوە لەمەی ئێستای هەرێم خراپتر نەدەبوو.

لە کتێبی «بۆ مێژوو»دا، ڕەوایانە، زۆر جەختکراوەتە سەر چەمکەکانی: ڕێزگرتن، هاوبەشی، دەستوور، گفتوگۆ، ماف، ئیرادە، پێشمەرگە.. و بە وردەکارییەوە دەریخستووە کە چۆن لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە ئەمانە بێ بەها کراوون. هەر یەکێك لەم چەمکانە و ناوەڕۆکەی پڕبەها و بایەخی ستراتیجیی هەیە بۆ کورد؛ کە هەموو ئەمانە پێشێل و بێ بەها کراوون، پێویست دەکات پێداچوونەوەی جیددی بکرێت بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی باری ژیان لە کوردستان بەبێ بەغدا و ڕەنگە ئەمە (وەکو ڕووداو و هەڵوێستی لایەنە عیراق ییەکان ئەوە دەسەلمێنن) تاکە بژاردەبێ لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا.

لە هەموو جومگەکانی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا پێگە و دەور و بایەخی پێشمەرگە، هێزی چەکداریی نیشتمانیی کوردستان، دیار و ئاشکران؛ بەم دواییانەش لە شەڕەکانی دژی داعش و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هێرشی حەشد و هێزە عیراقییەکان لە پردێ، سحێلا و لە شوێنیتریش ئەم هێزە، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە، ئامادەگی، کارایی، دڵسۆزی، لەخۆبووردوویی و خۆبەختکردنی خۆیی دووپاتکردەوە و دەریخست کە مانەوەمان بەدەست ئەوە – خۆزگە تەواوی پێداویستییەکانی ئەم هێزە دابین دەکران و کەموکوڕییەکانی بنبڕ دەکران.

«بۆ مێژوو» کۆکراوەی ئەزموونگەلێکی مێژوویی و سیاسیی کوردە، ڕووداو و هەڵوێستەکانی لەخۆگرتوون.. دەکرێ نەك هەر وەك کتێبێك و سەرچاوەیەك تەماشابکرێ، بەڵکو زێترە لەوە – ناواخنی پڕە لە وانەی بەپێز، دەکرێ سوودبەخشبن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووشمان.

**کێشەی کورد تەنیا کێشەی خاک و نەتەوە و تەنانەت ئازادی و سەربەخۆییش نییە، بەڵکو بەر لە هەموو ئەوانە کێشەی، بەقسەی فەیلەسوفی ئەمەریکی فۆکۆیاما، تیمۆسە "Thymos" – واتە ڕێزگرتن لە شکۆ و داننانە بە ناسنامە**

**پاراستنی یەک پارچەیی خاکی عیراق هەمیشە و تاکو ئێستاش ئامانجی هەموو لایەنەکانی ناوچەیی و نێودەڵەتیی بووە، مەسەلەکەش هەرگیز پەیوەست نییە بە ماف و بە ئەخلاق و عەدالەتەوە**

**جێگای دڵخۆشییە کە لەم چەندساڵەی دواییدا بزاڤێکی ئەرشیفکردن هەڵیکردووە، ڕووداوە مێژوویی و چارەنووسسازەکان دەخرێنە سەر لاپەڕەکانی کتێبی مێژوویی، سیاسی، یادەوەری و .. کتێبی هێژا مەسعود بارزانی «بۆ مێژوو» یەکێکە لەوان، بەڵام فرەڕەهەندتر، دەوڵەمەندتر و هەنووکەییتر**

# پاراستنی باشووری کوردستان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقیی هەموو لایەکمانە

● **دەروازە**

کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی ناسك و هەستیاردان و، گەلی کوردستان بە قۆناخێکی زۆر چارەنووسسازدا دەربازدەبێت، ئەم قۆناخە چارەنووسسازە پێویستی بە یەکێتی نەتەوەیی و یەکریزی نیشتمانی هەیە، بەداخەوە ماوەیەکە بارودۆخی ناوخۆیی کوردستان باش نییە و پەیوەندی نێوان پارچەکانی کوردستان و حیزبەکان لە ئاستێکی خراپدایە، لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ناکۆکن و ئەوەندەی رەچاوی بەرژەوەندی حیزبی دەکەن نیو ئەوەندە رەچاوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ناکەن، لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان کێشەیان هەیە و رێکناکەون، لە باکووری کوردستان لە لایەك رژێمی تورکیا پرۆسەی ئاشتی بە بنبەست گەیاندووە و لەلایەکی دیکەوە لایەنە سیاسییەکانی باکوور ناکۆکن، هەماهەنگیی نەتەوەیی بۆ پشتیوانی و هاوکاری یەکدی وەکو پێویست نابیندرێت، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەرای هەوڵەکان بۆ یەکگرتن و یەکدەنگی، یەکریزی و هەماهەنگی و کارنامەیەکی هاوبەش نییە، بۆ دەربازکردنی ئەم رەوشە نالەبارە پێویستە هەموو لایەکمان بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرین و کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکریزی نیشتمانی بکەین، بێگومان ئەم بارودۆخەی کوردستان لە هەموو لایەکمان دەخوازێ کەوا نزیکی یەکدی بین، بۆیە پێویستە لە نزیکترین کاتدا کار بکەین بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان و بۆئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا نەخشە رێگایەك بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان دابرێژین.

● **پاراستنی باشووری کوردستان ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**

باشووری کوردستان کە جێی ئومێدی هەموو کوردستانییانە، لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بە کۆمەڵێ هەورازو نشێودا تێپەرِیوە، وەکو ئەزموونی حوکمداری گەلی کوردستان بێ کێشەو بێ گرفت نەبووە، بەڵام سەرەرای ئاستەنگەکان توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بێگومان لە تەواوی جیهاندا حکومەت نیە بێ گرفت و بێ کێشە بێت، بەڵام کێشەو گرفتەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیان، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتن لە سیستەمی حوکمداری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.

سەرەرای هەموو کیشە و گرفتەکان پێشڤەچوونەکانی باشوور بەردەوامن، لە زۆر لاوە هەوڵدەدرێت گرفت و کێشەی زیاتر بۆ باشوور دروست بکرێت، لەلایەك هەرەشەو هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراق کەوا رۆژانە هەوڵدەدات خواستی خۆی بسەپێنێتە سەر حکومەتی کوردستان، دوا دژایەتی عێراقییەکان بە (سوننە و شیعەوە) بۆ گەلی کوردستان سیناریۆ و شانۆگەرییەکەی پەرلەمانی عێراق بوو لە بەرەبەیانی ١٢ - ١١ - ٢٠٢٠ کە دەنگیاندا بۆ تێپەراندنی یاسای وەرگرتنی قەرزو کورتهێنانی



**غەفوور مەخمووری**

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بودجە، لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەو پاڵەپەستۆی وڵاتانی ناوچەکە و ناکۆکیی ناوخۆیی نێوان لایەنە سیاسییەکان ئەمانە هەموو وایان کردووە کە باشووری کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێ قەیران ببێتەوە، بۆ دەربازکردنی ئەم ڕەوشەی باشوور پێویستە هەموو هێزو لایەنەکان هاوکاربن و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕەچاوبکەن و لەڕێی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتنەوە چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن کە دێنە پێشەوە، بێگومان بۆ ئەمەش ڕاوێژێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕاشکاوانە پێویستە.

باشووری کوردستان ؛ سەرەڕای قەیران و گرفتەکان بۆتە ماڵێك بۆ کوردستانییان و، لەهەمان کاتدا بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ تەواوی تێکۆشەران و ئازادیخوازان و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەمەش وادەکات کە بەرەڤانیکردن و پاراستنی باشووری کوردستان ببێتە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و تەواوی کوردستانییان، لەسەر هەموو لایەکمانە لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن هەوڵبدەین پارێزگاری لەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان بکەین و هاوکارو پشتیوانی بین.

لە باشووری وڵاتدا دەسەڵاتێکی کوردستانی هەیە و هەموو کورد بەچاوی ئومێدەوە لێی دەڕوانن، بۆیە پێویستە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو لایەك هاوكار و پشتیوان بین و خەبات بکەین بۆ پاراستن و چەسپاندن و پێشڤەبردن و سیستماتیککردنی دەزگاو دامەزراوەکانی باشووری کوردستان، لێرەوە بانگ لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەکەین، کەوا هاوکاربن و ڕەچاوی هەستیاری بارودۆخی کوردستان بکەن و، وەکو ڕیزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە و خۆڕاگری گەلی کوردستان؛ لە هاتنە پێشی هەر ناکۆکییەکدا ؛ ناکۆکییەکانیان لەسەر مێزی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن چارەسەر بکەن، لەبەرئەوەی سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن و لەهەڤهاتنە، نەك سەردەمی پەنابردنە بەر هەڕەشەو توندو تیژی.

هەموو لایەك ئەوە دەزانین کەوا هیچ کۆمەڵگەیەك بێ کێشەو گرفت نییە، کوردستانیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوو کۆمەڵێ کێشە و گرفتی هەن، کێشەو گرفتەکانی کوردستان باکگراوندێکی سیاسی و مێژووییان هەیە، ڕەنگدانەوەی واقیعی دووبەرەکی و ناکۆکیی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن، بۆیە چارەسەری ئەم پرسە پەیوەستە بە چارەسەری گرفت و ناکۆکیی مێژوویی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ ئەمەش پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان هەوڵی جددی بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای لەیەکترگەیشتن و، بە دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لەجیاتی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

**● پێویستە PKK ڕەچاوی تایبەتمەندی باشووری کوردستان بکات و ڕێز لە یاسا و ڕێساکانی بگرێت**

مایەی نیگەرانی هەموو لایەکمانە کەوا ماوەیەکە گرژی کەوتۆتە نێوان دوو هێزی سەرەکی باشوورو باکووری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK)، ئەمەش شەقامی کوردستانی نیگەران کردووە، کەوا PKK بانگەشەی پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی و دیموکراتی و پاراستنی یەکڕیزی گەل و سەرجەم هێزو لایەنەکانی کوردستان دەکات پێویستە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی تێبکۆشێت و ڕەچاوی ڕەوشی باشووری کوردستان بکات، بەتایبەت لەم ڕەوشە هەستیارەی ئەمڕۆ کە کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبن، پێویستە هەموومان بە گیانی برایەتی و تەبایی و بەیەك گوتاری سیاسی یەکگرتوو لەسۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوە بەرەنگاری هەرەشەو مەترسییەکان و هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پێشکەوتنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ببینەوەو هەنگاو بنێین بەرەو یەکڕیزی و کاری کوردانە، بۆ ئەمەش پێویستە PKK ڕێز لە یاساو ڕێساو بڕیارەکانی حکومەتی کوردستان بگرێت و، خۆی بەدوور بگرێت لە هەر کارێك کە کیشە بۆ باشووری کوردستان دروست بکات، پێویستە PKK ڕەچاوی تایبەتمەندی باشووری کوردستان بکات و ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی خەڵکی کوردستانیان لەسەر شانە و، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێ ئیلتیزاماتی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە و لەپێناو پاراستن و زامنکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان ناکرێ دەستبەرداریان بن، دەکرێت هەموو ئەو گرژی و گرفتانەی کە هەن، بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن؛ بەبێ پەنابردنە بەر هێرشکردن بۆ سەر یەکدی چارەسەر بکرێن، وەك ئاماژەمان پێدا سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە، بارودۆخی کوردستانیش بارودۆخێکی زۆر هەستیار و ناسکە، لە لایەك هەرەشەی وڵاتانی دەوروبەرمان لەسەرە، لە لایەکی دیکەوە قەیرانی ئابووری و ناعەدالەتی و کۆمەڵێ قەیرانی دیکەی ناوخۆییمان وایکردووە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان ئاڵۆز و زەحمەت بێت، لەهەمان کاتدا تیرۆریستانی داعش خۆیان ڕێکخستۆتەوەو ڕۆژانە هەڕەشە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان دەکەن و فرسەت دێنن و هێرش دەکەنە سەر ئەو ناوچانە، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەك کارەساتێکی مرۆیی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی بۆتەوە، سەرەڕای ئەمانە وەك بۆ هەموو لایەکمان ڕوونە تا ئێستاش کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق چارەسەرنەکراون، بۆیە ناکرێت لە ڕەوشێکی وادا کێشە و قەیرانی دیکە بۆ باشووری کوردستان دروست بکرێت، پێویستە سەرکردایەتیی PKK بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی باشووری بکەن و لە پەیامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بگەن، کەوا بەردەوام جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی کە هەموو لایەك پارێزگاری لە ڕەوشی باشووری کوردستان بکەن و، ڕەچاوی تایبەتمەندیی پارچەکانی کوردستان بکرێت و، بۆ کاری نەتەوەیی هاوکارو پشتیوانی یەکدی بن.

**● پەیمانێکی نەتەوەیی بۆ تەحریم و تەجریمکردنی شەڕی کورد و کورد**

لە ڕەوشێکی وادا و بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و ڕێگرتن لە توندوتیژی و شەڕ بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان داڕشتنی پەیمانێکی نەتەوەیی زۆر پێویستە، لەبەرئەوەی تا ئێستا نەخۆشیی گەورەی کوردان یەکدی قبوولنەکردنە، بۆیە پێویستە پەیمانێکی نەتەوەیی دابڕێژرێت و لەو پەیمانەدا پرەنسیپە نەتەوەییە سەرەکییەکان دیاریبکرێن و هەموو لایەکیش پەیمان بدەن کە پێیەوە پابەند دەبن و، ڕەچاوی تایبەتمەندی هەر بەشێکی کوردستان بکەن و لایەنە سیاسییەکان دەست نەخەنە کاروباری بەشەکانی کوردستان و هەر لایەنەو گۆڕەپانی خەباتی خۆی بناسێت و، لە کاری نەتەوەییدا هاوکارو پشتیوانی یەکدی بن، هەروەها خاڵی سەرەکیش لەو پەیماننامەیەدا پێویستە تەحریم و تەجریمکردنی شەڕی کوردو کورد واتە (کورد کوشتن) بێت و، پێویستە شەڕی کوردو کورد وەکو خیانەتی نەتەوەیی سەیر بکرێت، هەروەها لە پەیمانی نەتەوەییدا پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەیمان بە کورد بدەن، کەوا لە کاتی کێشە و ململانێی

حزبی پەنا بۆ چەك نەبەن و لەڕێی دیالۆگ کێشەکانیان یەکلایی بکەنەوە، بێگومان بوونی پەیمانێکی نەتەوەیی لەم شێوەیە لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرەتایەك دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە یەکدی قبوڵنەکردنە و زۆر نەخۆشیی دیکەش، لەبەرئەوەی زۆر جار کە مرۆڤ لەیەکدی دوور دەبێت و لەڕێی کەسی سێیەمەوە شتی پێدەگات، شتەکان وەك خۆیان بە دروستی ناگەن، زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش وان، بەڵام ئەگەر پەیمانێکی نەتەوەیی هەبوو، هەموو لایەنەکان پێیەوە پابەند بوون، متمانەش دەگەڕێتەوە نێوان لایەنەکان و وردە وردە تەمی گومانەکانیش دەڕەوێنەوە و خەمی نەتەوەیی و کاری نەتەوەییش وادەکات لە یەکدی نزیك ببینەوە و گیانی یەکدی قبووڵکردنیشمان زیاتر بێت.

● **پێکهێنانی (ئەنجومەنی باڵای سیاسیی کوردستان)**

پێویستە لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەخۆماندا بچینەوەو سوود لە هەڵەکانی رابردوومان وەربگرین و کاربکەین بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسی و ناوماڵی کوردستان و یەکخستنی بڕیاری سیاسیمان لەم پێناوەشدا پێویستە (ئەنجومەنی باڵای سیاسیی کوردستان) پێکبهێنین و هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو ئەنجومەنەدا کۆببینەوەو هیچ لایەك پەراوێز نەخرێت و، لەوێوەوە هەموو لایەك کار بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی بکەین و بەیەکگرتوویی بڕیار لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان بدەین، لەبەرئەوەی هێزی ئێمە لە یەکڕیزی و یەکدەنگیماندایە، هەر کاتێ یەکڕیزو یەکدەنگ بووبین، بەهێزبووین ؛ هەر کاتێکیش پەرش و بڵاو بووبین، بێهێز بووین وەك ئێستا، بۆیە پێویستە لەم پێناوەدا هەموو لایەکمان هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین و لەپێناو گەلی کوردستان جلی تەنگی حزبایەتی باڤێژین جلی کوردایەتی لەخۆ کەین، شانۆگەرییەکی رۆژی ١٢ - ١١ - ٢٠٢٠ ی پەرلەمانی عێراق ئەوەی بەدەرخست کە عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە وەك هەمیشە هەموو لە دژی کورد یەکدەگرن و یەکدەنگن، ئەی باشە ئێمەی کورد بۆ یەکنەگرین بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنییەی عەرەبی عێراق؟ هەموو لایەکمان بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی کاربکەین، ئەگەر ئەوەمان نەکرد خۆمان زیانمەند دەبین، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەمڕۆ گرنگە و سبەی درەنگە.

● **دەزگاکانی راگەیاندن پێویستە لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بن، نەك کارکردن بۆ بێڕێزیکردن و ناوزڕاندنی یەکدی**

گەلی کوردستان لە ماوەی رابردوودا و تا ئێستاش زەحمەتییەکی زۆری کێشاوە و قوربانییەکی زۆری داوە، بە هەزاران لە رۆڵەکانی گەلی کوردستان لەپێناو خاك و خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان بەخشیوە، ئەو زەحمەتی و قوربانییانە بۆ ئەوە نەبووە، لایەنە سیاسییەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان پشت لەو گەلە وڵاتپارێزە بکەن و رووبەڕووی ئەو هەموو قەیران و زەحمەتییانەی بکەنەوە، گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە شایانی رێزگرتن و خزمەتکردنی زیاترە، لەسەر هەموو لایەکمانە بەو ئاراستەیە کاربکەین و خزمەتی زیاتری گەلەکەمان بکەین، بۆ ئەوەی گیانی شەهیدان و ویژدانی خۆمان ئاسوودە بکەین.

ئەم رەوشەی ئێستای کوردستان لە هەموو کاتێك زیاتر یەکڕیزی و یەکدەنگی و بەیەکەوە کارکردنمان لێدەخوازێت، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ و لەوێوە چارەسەری کێشەکانیان بکەن، و ناوەندی سیاسیی کوردستان رێك و یەکبخەنەوە، نەك لە راگەیاندنەوە پەنا بۆ بێڕێزیکردن بە یەکدی ببەن، هەڵمەتی راگەیاندن پێویستە لە خزمەتی بارودۆخی ئێستای کوردستاندا بێت، نەك بۆ بێڕێزیکردن و ناوزڕاندنی یەکدی، پێویستە هەرچی زووە ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەی کە هەیە رابگیرێت و بخرێتە خزمەت چۆنیەتی قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و بەیەکەوە کارکردن.

پێویستە هەموو لایەکمان خەمێکی جددی لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بخۆین و نەخشە رێگایەکی کوردستانییانە بۆ چۆنیەتی دەربازبوون لە قەیرانەکان دابڕێژین و کاری لەسەر بکەین، با خەمی هەموو لایەکمان خەمی خاك و خەڵك بێت نەك خەمی دەسەڵات و گیرفان.



رۆژهات ئامەد

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:

# پەکەکە دژی هەر قەوارەیەکی سیاسییە کە بۆ کوردستان دروست بێت و دەمێکە رایگەیاندووە کە ئەوان دەوڵەتی کوردستانیان ناوێت

**پەکەکە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات کە دەوڵەتانی داگیرکار ناتوانن دژی باشوور بە ئاشکرا جێبەجێی بکەن**

**سیاسـەتمەدار و چاودێرانی سیاسیی کورد و تەنانـەت ژمارەیـەك لـە بیانییەکانیش جەخت لـە سـەر یەکڕیزیی ناوماڵـی کـورد دەکەنـەوە و، بـە پێویستیشـی دەزانـن سـەرکردایەتیی هـەر حزب و لایەنێـك بـە هەسـتکردن بـە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵـە لەگـەڵ ڕەوشی باشووری کوردسـتان بکەن، بەتایبەتی کە تەنیا کەرتی کورستانە کە حکومەتی خۆماڵی ئیدارەی دەکات، بەڵام پەکەکە سیاسـەتی جیـاواز و دژبـەری ئـەو حوکمڕانییـە پەیـڕەو دەکات. لـەم گفتوگۆیـەدا لەگـەڵ گۆڤـاری گوڵان، ڕۆژهـات ئامـەد سیاسـەتمەداری باکووری کوردستان باسی ئـەو دۆخـە هەستیارە و سیاسـەت و ئامانجەکانـی پەکەکـە دەکات.**

*** ئاشـکرایە پەکەکـە لـە مەیدانـی خەباتـی ڕاسـتەقینەی خـۆی کـە باکـوورە هەڵاتـووە و هاتووەتـە باشـوور، ئەمـەش بـەو مانایـەی وازیـان لـە مافەکانـی گەلـی کـوردی باکـوور هێنـاوە و، چیتـر ناتوانـن لەنـاو کوردسـتانی باکـوور درێـژە بـە خەباتـی چەکداری بـدەن، ئایـا ئێسـتا گەلـی کـورد لـە باکـوور چـۆن سـەیری پەکەکـە دەکات؟**

- مەبەسـت لـە هاتنـی پەکەکـە بـۆ باشـووری کوردسـتان زۆر لـەوە زیاتـرە کـە بـاس دەکرێـت، لەبـەر ئـەوەی لـە ئێسـتادا ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست گۆڕانکاریـی زۆر گـەورە بـە خۆیـەوە دەبینێـت، لەنـاو هاوکێشـە تازەکانـی ئـەم گۆڕانکارییەشـدا کـورد فاکتـەری سـەرەکییە و، هەرێمـی کوردسـتان ئەزموونـی نزیکـەی ٣٠ سـاڵی خۆبەڕێوەبردنـی هەیـە، ڕۆژئـاواش چەنـد ساڵێکە سـەلماندی کـە دەتوانێـت هەرێمێـك بـە هاوشـێوەی هەرێمـی کوردسـتان دروسـت بـکات، کـە جگـە لـە کـورد پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیـە جیـاوازەکان بەیەکـەوە لـەو هەرێمـەدا بژیـن، ئەمـەش ڕاشـکاوانە مانـای ئەوەیـە کـورد فاکتەرێکـی سـەرەکیی سـەقامگیریی ناوچەکەیـە، ئەمـەش بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی کـورد لـە هاوکێشـەکەدا باشـتر پێـش بکەوێـت. دیـارە هـەردوو دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران دەزانـن ئـەم گۆڕانکارییانـە بەڕێوەیـە، بەتایبەتـی کـە دەوڵەتـی نوێـی تورکیـا لەسـەر نکۆڵیکـردن لـە بوونـی کـورد دامـەزراوە، هەروەهـا دەزانـن ئـەو سیاسـەتانەی ئێسـتا دژی کـورد پیـادەی دەکـەن تاسـەر بۆیـان ناچێتـە سـەر، بۆیـە کەوتوونەتـە خۆیـان بـۆ ئـەوەی ئـەو زەمینەیـەی بـۆ کـورد هاتۆتـە پێشـەوە لەبـاری بـەرن، بـۆ ئەمـەش هەوڵیانـداوە هەندێـك لـە گـرووپ و حزبـە کوردییـەکان بکەنـە هاوپەیمانـی خۆیـان و شـەڕیان لـە دژی ئـەو دووکیانـە پـێ دەکـەن، کـە لـە باشـوور و ڕۆژئـاوا هاتۆنەتـە کایـەوە، لەمـەش زیاتـر هـەردوو دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران بـاش دەزانـن کـە ڕاستەوخۆ ناتوانـن شـەڕ لەگـەڵ ئـەو دوو کیانـە تازەیـە بکـەن، بۆیـە پشـتگیری پەکەکـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی شـەڕ دژی نەتـەوەی خۆیـان و ئـەو کیانـە سیاسـییانە بکـەن، کـە دوژمنـان ئامانجیانـە نەمێنـن، لـەم چوارچێوەیـەدا ئـەو شـەڕەی ئەمـڕۆ پەکەکـە بـە ئەزموونـی هەرێمـی کوردسـتانی دەفرۆشـێت، بـۆ ئەوەیـە کێشـە بـۆ ئـەم ئەزموونـە دروسـت بـکات و بـە هەمـان شـێوەیەش هەوڵەکانـی لـە ڕۆژئـاوا بـۆ ئەوەیـە ئـەو کیانـە سیاسـیەی کـە هەنـگاوی بـۆ هەڵگیـراوە، دروسـت نەبێـت. بـەڵام پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە بۆچـی چەکدارانـی پەکەکـە ئـەم شـەڕە لـە دژی گەلـی خۆیـان پیـادە دەکـەن؟ دیـارە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئاشـکرایە، ئەویـش ئەوەیـە پەکەکـە لـە مەیدانـی ڕاسـتەقینەی خەباتـی خـۆی کـە باکـوورە شکسـتی زۆر گـەورەی هێنـاوە و تەنانـەت بـە ئاسـتێك جەمـاوەری لـە باکـوور دابەزیـوە، کـە ناتوانێـت دوو هاووڵاتـی بێنێتـە سـەر شـەقام، ئەوجـا بـۆ ئـەوەی ئـەو شکسـتەی خـۆی بشـارێتەوە و بـە دروشـمی بـاق و بریـق خـۆڵ بکاتـە چـاوی خەڵـك، گێچـەڵ بـە هەرێمـی کوردسـتان دەفرۆشێت،ئاشکراشـە لـە هەرێمـی کوردسـتان هەندێـك لـە حـزب و لایەنـە سیاسـییەکان بـۆ دژایەتیکردنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ئاشـکرا و نەهێنـی لایەنگریـی پەکەکـە دەکـەن، ئەمـە لـە کاتێکـدا پەکەکـە تەنیـا ئامانجەکـەی پارتـی نییـە، بەڵکـو ئامانجیەتـی ئـەم قەوارەیـە نەمێنێـت، بۆیـە کاتـی ئەوەیـە کـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لێپرسـینەوە لـەو گـرووپ و لایەنـە سیاسـییانە بـکات.

*** ماوەیەکـی زۆرە چەکدارانـی پەکەکـە گێچـەڵ بـە هەرێمـی کوردسـتان دەفرۆشـن و دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر هاووڵاتیـان و هێرش دەکەنـە سـەر هێـزی پێشـمەرگە و چەندیـن پێشـمەرگەیان شـەهید کـردووە، ئایـا (پەکەکـە) لـە پێنـاوی چـی ئـەم کارە دەکات؟**

- وەك پێشـتر ئامـاژەم پـێ دا، پەکەکـە لـە باشـووری کوردسـتان بەرنامـەی هەیـە و دەیەوێـت بەرنامەکـەش جێبەجـێ بـکات، ئەویـش تێکدانـی ماڵـی کـوردە. پەکەکـە هـەر لـە سـاڵی ١٩٩١ەوە لـە باشـووری کوردسـتان

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی زۆر گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، لەناو هاوکێشە تازەکانی ئەم گۆڕانکارییەشدا کورد فاکتەری سەرەکییە**

**پەکەکە لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی خۆی کە باکوورە شکستی زۆر گەورەی هێناوە و تەنانەت بە ئاستێک جەماوەری لە باکوور دابەزیوە، کە ناتوانێت دوو هاووڵاتی بێنێتە سەر شەقام**

**پەکەکە تەنیا ئامانجەکەی پارتی نییە، بەڵکو ئامانجیەتی ئەم قەوارەیە نەمێنێت، بۆیە کاتی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپرسینەوە لەو گرووپ و لایەنە سیاسییانە بکات لە دژایەتیی بەرژەوەندیی باشوور دەکەن**

وجوودی هەیە و هەر لەو کاتەوە دەستی بە دژایەتیی دەسەڵاتی کورد کردووە، هەر جارێکیش قسەی بێ ماناو لابەلا دەکات، بۆ ئەوەی پاکانەی کارەکانی خۆی بکات. سەردەمانێك دەیانگوت لەبەر ئەوەی پەیوەندیی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا باشە، بۆیە ئێمە دژی باشووری کوردستانین، بۆیە ئێمە شەڕی باشوور دەکەین، بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە دەسەڵاتی کورد لە باشوور دروست بوو، تورکیا زۆر دژی باشووری کوردستان بوو، حوکمڕانانی تورکیا دەیگوت ئێمە رازی نین لە باکووری عێراقماڵێکی کوردی دروست بێت، هەر ئەو کاتە پەکەکە شەڕی باشووری کوردستانی دەکرد، واتە پەکەکە و تورکیا بە یەکەوە شەڕیان لە دژی باشووری کوردستان دەکرد، هەر بۆیە ئەوەی پەکەکە دەیڵێت، راست نییە و بە قسە و پلانی وڵاتانی داگیرکار دەیکات.

*** ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و تێڕامانە ئەوەیە، کە رەفتارەکانی (پەکەکە) بە تەواوەتی لەگەڵ ئامانج و رەفتارەکانی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان یەك دەگرێتەوە، ئایا ئەم هاوهەڵوێستییەی پەکەکە لەگەڵ داگیرکارانی کوردستان دژی هەرێمی کوردستان چی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە لەسەر ئاستی هاوکێشەکانی رۆژهەڵات هاتوونەتە ئاراوە، ئەوا ئەو هێزە تەقلیدییانەی وەك ئێران و تورکیا کە خاوەنی پێگە و نفووزی گەورە بوون، دەسەڵاتیان بەرەو ئاوابوون دەچن، لە ئێستاشدا ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا خەریکن نەخشەیەکی تازە بۆ ئەم ناوچەیە دادەڕێژنەوە و لەناو ئەم نەخشە تازەیەشدا ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە کیانێك بۆ کورد بێتە ئاراوە و دروست بێت، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت زەمینەی ئەم گۆڕانکارییە تێك بدەن، بە ئاشکرا و بە راشکاوی دەڵێن ئێمە رێگە نادەین کیانێکی سیاسی بۆ کورد دروست بێت، بەڵام ئەوان خۆیان ناتوانن راستەخۆ ئەو کارە بکەن، لەمبارەوە ئەگەر دەوڵەتانی تورکیا و ئێران ئەو قسەیە بکەن ئەوە شتێکە، لەکاتێکدا بەلایەنێکی کوردی ئەو کارە بکەن ئەوە شتێکی دیکەیە، بێگومان دەوڵەتی داگیرکار بە پەکەکە دەڵێن، ئێوە ئەو دروشمە بەرز بکەنەوە و بڵێن ئێمە دەوڵەتی کوردیمان ناوێت. ئەگەر سەرنج لە سیاسەت و ستراتیژیەتی پەکەکە بدەین، ئەوا دەبینین پەکەکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت ئەو دروشمەیان بەرزکردۆتەوە کە ئێمە دەوڵەتی کوردستانمان ناوێت، چونکە دەوڵەت چارەسەری کێشەکانمان ناکات و میللەتی کوردیش دەوڵەتی ناوێت و کورد لەگەڵ تورك و عەجەم و عەرەب دەژین، ئەم دروشمانەی پەکەکە بەرنامەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانە و پەکەکەش لەناو بەرنامەی ئەو دەوڵەتانە جێگەی بۆخۆی کردۆتەوە و لە باشووری کوردستان پیادەی دەکات. نموونەیەك بۆ ئەو بەرنامەیەی کە پەکەکە لەجیاتی داگیرکاران هەڵیدەسووڕێنێت، ئەوەیە کاتێك پەکەکە لە رۆژئاوی کوردستان دەسەڵاتدار بوو، هەستا بە دابەشکردنی رۆژئاوا بە سەر کانتۆن، کە کانتۆن دەکاتە ئیدارەی پارێزگا ئەو جۆرە کارو ئیدارەیەش لە ئێران هەیە و ئەمەی پەکەکەش کە لە رۆژئاوی کوردستان کردی، هەر بەرنامە و پلانی دەوڵەتی ئێران بوو، ئەمە بەرنامەی تورکیا نەبوو، بەڵام پاشان کە دەسەڵاتی کورد و لایەنەکانی دیکەی کوردی رۆژئاوا هاتن کانتۆنیان لادا و فیدراسیۆنێکیان دامەزراند، پەکەکە و لایەنگرەکانیان دەڵێن ئەمریکا هاتووە لە رۆژئاوا دەوڵەت دروست بکات، بەڵام ئێمە رێگا نادەین، ئەگەرچی ئەو کەس و لایەنانەی پەکەکە کە دەیانویست مەرام و بەرنامەی ئێران و تورکیا جێبەجێ بکەن، نەمان و تەسفیە بوون، لە باشووری کوردستانیش تۆپۆگرافیای ناوچەکە وای کردووە کە پەکەکە قەندیل بکاتە بارەگای سەرەکیی خۆی و لێرەوە دەتوانێت کاری تێکدەرانە دەرهەق بە باشووری کوردستان بکەن، ئەمەش وای کردووە کە لە باشوور زیاتر بتوانن کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەبن و، ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن کە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بۆیان دارشتوون.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان، کیانێکی دەستووری و یاساییە لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، هەر بۆیە خاوەنی یاسا و دامەزراوەی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە پەکەکە کە لە باشوور داڵدە دراوە و رێز لە یاسا و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناگرێت و، لەناو ئەم کیانە حکومەتێکی دیکەی دروست کردووە و تەحەددای دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم دەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی (پەکەکە) ئامانجیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەمێنێت؟**

- ئەو دژایەتییەی پەکەکە دەیکات لە دژی حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان شتێکی تازە نییە، چونکە لە ساڵی ١٩٩٢ کە میللەتی کورد لە باشووری کوردستان بڕیاری خۆیان دا و لە رێگای هەڵبژاردنەوە پەرلەمان دروست کرا، کە دامەزراوەیەکی یاسایی و شەرعیی هەرێمی کوردستانە، هەر لەو کاتەدا پەکەکە شەڕی دامودەزگای هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی ئێمە ئیعتراف بەو پەرلەمانە ناکەین، چونکە ئەو پەرلەمانە هی ئیمپریالیزمە، هەر

**پەکەکە لە کۆڵانەکانی ئەوروپا پەرلەمانێکی ئەلتەرناتیڤیان دروست کرد، بەناوی ئەنجومەنی نەتەوەی کورد و گوتیان ئەو ئەنجومەنە پەرلەمانی شەرعیی کوردستانە، نەک ئەو پەرلەمانەی لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە**

وەك ئەوەی کە تورکەکان دەیانگوت ئەو پەرلەمانەی هەرێمی کوردستان ئەمریکا دروستی کردووە، ئێرانیش دەیگوت پەرلەمانی کوردستان ئیسرائیل و ئەمریکا دروستیان کردووە، بە هەمانشێوە پەکەکەش هەروەك تورکیا و ئێران گوتی ئێمە ددانان بەو پەرلەمانەی کوردستاندا نانێین، هاوکات پەکەکە لە کۆڵانەکانی ئەورووپا پەرلەمانێکی ئەلتەرناتیڤیان دروست کرد، بەناوی ئەنجومەنی نەتەوەی کورد و گوتیان ئەو ئەنجومەنە پەرلەمانی شەرعیی کوردستانە، نەك ئەو پەرلەمانەی لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بۆیە لەو رۆژەی کە کورد لە باشووری کوردستان بووە دەسەڵاتدار، پەکەکە دوژمنایەتی و دژایەتی خۆی لە دژی راگەیاندووە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش بزانین کە دەوڵەتانی ئیقلیمی هەندێ کاروبار کە خۆیان ناتوانن دژی کورد و کوردستان بیکەن، ئەوە بە پەکەکە دەیکەن، هاوکات لە باشووری کوردستانیش هەندێك لایەن هەنە کە شەریکی حکومەتی کوردستانن و هاوبەش و لایەنگری پەکەکەشن، کە خۆیان هەندێ کاروبار ناتوانن بیکەن، ئەوە بە پەکەکە ئەنجامی دەدەن، کە ئەمەش هۆکارەکەی ململانێی سیاسییە، ئەمەش هەروەك دەستتێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی مەترسیدارە، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم یەك هەڵویست بن، ئەوە بێگومان دەتوانن بە پەکەکە بڵێن بۆ ئەو کارو کردەوە و رەفتارە خراپانە دەکەن؟ هاوکات ئەگەر لە هەرێمی کوردستان یەك هەڵویستی هەبێت، ئەوە پەکەکە ناتوانێت لە قەندیلەوە بەرەو ناوچەی ئەتروش و چیای گارە بچێت و شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە بکات.

*** ئێوە دەزانن سەرۆك بارزانی، شەڕی کورد-کوردی حەرام کردووە، بەڵام (پەکەکە) ئەمەی بە دەرفەت قۆستۆتەوە و پێدرێژی دەکات، لە بەرامبەریشدا دەیەوێت رەفتارە شەڕانگێزییەکانی خۆی بە شەڕی کوردکوژی پەردەپۆش بکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە (پەکەکە) ملکەچی یاساکانی کوردستان نەبێت، ئەی چۆن دەکرێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت؟**

- بێگومان جەنابی سەرۆك بارزانی رایگەیاندووە کە نابێت شەڕی کورد و کورد بکرێت و شەڕی ناوخۆی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، ئەمەش شتێکی تازە نییە، بەڵام هەندێك لایەن هەیە لەم هەڵویستە سوود وەردەگرن. ئەوە یەکێك لەو لایەنانە پەکەکەیەو ئەو کارە دەکات، بەڵام دەبێت نەهێڵدرێت پەکەکە ئەو هەڵویستە بقۆزێتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی سیاسی دابنێت و کار بۆ ئەوە بکات نەهێڵێت پەکەکە سوود لەو هەڵویستە وەربگرێت، لێرەدا دەپرسین: حکومەتی هەرێم چی بکات، بۆ ئەوەی پەکەکە دەستی بشکێت، تاوەکو نەتوانێت دەستتێوەردان لەکاروباری حکومەتی کوردستان بکات؟ لێرەدا دەبێت ئەکادیمیستەکان و رۆشنبیرانی کورد لە باشووری کوردستان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت بیربکەنەوە، لەوەی کە چ جۆرە بەرنامەیەك دابنێن کە پەکەکە نەتوانێت لەو هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك بارزانی سوودوەربگرن و پەکەکە نەتوانێت خەڵکی خۆی بەکاربێنێت لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی تا ئێستا لەسەر ئەوە هیچ بیرو بەرنامەیەك لە باشووری کوردستان دروست نەبووە.

**جەنابی سەرۆک بارزانی رایگەیاندووە کە نابێت شەڕی کورد و کورد بکرێت و شەڕی ناوخۆی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە**

*** ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ رەفتارەکانی پەکەکە دابنێت، بەڵام پەکەکە دەیەوێت وای پیشان بدات، کە بەس تەنیا کێشەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، ئایا تاکەی پەکەکە ئەم پڕوپاگەندانەی بۆ دەچێتەسەر؟**

- ئێستا پەکەکە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانی بە ئامانج گرتووە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان و لە سەرتاسەری عێراقیش هێزی یەکەمە واتە گەورەترین هێزە لە هەموو عێراق و هەروەها جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو کەسایەتییەك بەهێزترین کەسایەتییە لە سەرتاسەری عێراق و هیچ لایەنێکی سیاسی لە باشووری کوردستان هاوتای پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، ئامانجی پەکەکەش ئەوەیە کە شەڕی کیانی بەهێز بکات، هەر بۆیەش پەکەکە دەڵێت من دژی پارتی دیموکراتی کوردستانم، نەك دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتیش هەر پارتی دیموکراتی کوردستانە و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزە و ئەگەر پارتی بەهێز نەبووایە، ئەو حکومەتەش بەهێز نەدەبوو. کەواتە ئەو قسەیەی پەکەکە راست نییە کە دەڵێت من شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم و شەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەم، چونکە ئێران و تورکیا دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزە و حەشدی شەعبی و بەغداش دەزانن مەسەلەکە چییە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی حەشدی شەعبی کە دەیانەوێت پەیوەندیی هەولێر و بەغدا باش نەبێت، کە لایانەگرانی ئێرانن و دەڵێن ئێمە دژی کورد و کیانی کورد نین، بەڵکو دژی بارزانی و دژی پارتی دیموکراتی کوردستانین، چونکە دەسەڵات و هێزێکی گەورە لە دەست پارتی دیموکراتی کوردستانە و پێمان خۆش بێت، یان پێمان خۆش نەبێت، کوردبوون ئێستا واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە کاتێکدا پارتی و جەنابی سەرۆك نەبێت، ئەو کیانەش نامێنێت.

**پەکەکە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانی بە ئامانج گرتووە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان و لە سەرتاسەری عێراقیش هێزی یەکەمە**


# پێشبینیکردن لە زانستی سیاسەتدا
# ڕێگا دروستەکە بۆ بیرکردنەوە لە ئایندە

پێشبینیکردن prediction بریتییە لە هەوڵی دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکاتی دیاردەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای پێدراوەکانی ئەو واقیعەی کە وەسفی دیاردەکە دەکات، واتە پێشبینی پەیوەستە بە خوێندنەوەی ئایندە لەبەر ڕۆشنایی وردەکارییەکانی واقیعەکە و گۆڕانکارییەکانی پێشوو، سەرباری گرنگیدان بە پەرەسەندنی ئەم واقیعە.

لە توێژینەوەیەکی گرنگدا کە لەلایەن J.Peter Scoble و Philip E. Tetlock نووسراوە و لە ژمارەی نۆڤەمبەر-دیسەمبەری ٢٠٢٠ی گۆڤاری بەسەنگی ئەمریکی Foreign Affairs بڵاو کراوەتەوە، تاوتوێی پرسی بیرکردنەوە لە ئایندەی سیاسەت دەکرێت، تێیدا هەردوو توێژەر ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەموو سیاسەتێك بریتییە لە پێشبینیکردن و ئاراستە پێشبینیئامێزەکانیش ئامراز و ئامانجەکان پێکەوە گرێ دەدەن. بۆ نموونە، بە چاوپۆشین لە ئایدیۆلۆژیا و پاڵنەری پارتە سیاسییەکان، ئەوا خاوەن بڕیارەکانی نێو حزبەکان نایانەوێت و ناخوازن کردار و سیاسەتەکانیان دەرئەنجامی چاوەڕواننەکراویان هەبێت.

ئەم دۆخە، هەروەك هەردوو توێژەر ئاماژەی پێدەکەن، خاوەن بڕیار دەکاتە کەسێکی پێشبینیکار forecaster بەڵام ئەم ئەرکە بۆ کەسێکی سیاسی و خاوەن بڕیار کارێکی دژوارە کاتێك مەسەلەکە پەیوەست بێت بە پرسێکەوە کە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە geopolitics گرنگ بێت، ئەو بوارەی کە تەنیا بە ڕاددەیەکی کەم دەتوانین لە ڕێساکانی گەمەکە تێبگەین، و زانیاریش لەبارەوەیەوە ناتەواوە، بەو پێیە شارەزایان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوارێکی

**دەبێت داڕێژەرانی سیاسەت لە گرنگی پێشبینیکردن تێبگەن و گرێی بدەنەوە بە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکانیانەوە**



پ.د. شێرزاد نەجارٍ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەرتەسکیان لەبەردەمدایە بۆ پێشبینیکردنی داهاتوو و ڕووداوەکانی.

ئەم دۆخە مایەی چەندین تەحەددییە کە بەرجەستەکاری کۆمەڵێك کێشەی کرداری و جێبەجێکارین و ڕووبەڕووی خاوەن بڕیارەکان دەبنەوە، کە لەلایەك سنووری خەیاڵکردنەکان limits of imagination، هەروەك هەردوو توێژەرە دەڵێن، خاڵی نەبینراو دەخولقێنێت کە دەبێت خاوەن بڕیارەکان لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشوویان پڕیان بکەنەوە، بەڵام بە زۆری سیاسەتمەدارە خاوەن بڕیارەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە بیرۆکەکانی پەیوەست بە داهاتۆوە هەمان بیرۆکەکانی ڕابردوون و بەو پێیە هەمان نەخشەی هزری دووبارە دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر ژینگە و هەلومەرجی دەوروبەریشیان گۆڕانکاریی دراماتیکی بەسەردا هاتبێت. لە هەمان کاتدا ئەگەر داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەو هەڕەشانەدا بکەن کە ڕواڵەت و ڕووکارێکی خەیاڵییان هەیە، ئەوا پێویستیان بە دامەزراوەیەکی ئەمنیی گەورە هەیە کە تێچوونێکی گەورەی دەوێت بە چەشنێك دەوڵەت ناتوانێت هیچ شتێکی دیکە ئەنجام بدات.

بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بنکەی سەربازی لە پتر لە ٧٠ دەوڵەتدا هەیە و زیاتر لە ٤ ملیۆن فەرمانبەری فیدڕاڵی لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی و ١,٣ ملیۆن سەربازی ئامادەشی بۆ جەنگ هەیە، سەرباری چەندین ملیۆن سەربازی یەدەگ، بە چەشنێك کە خەرجییەکانی ئاسایش گەیشتونەتە ١,٢٥ ترلیۆن دۆلار.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو توێژەر ئاماژە بەوە

**لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک پرسیار سەردەکێشن بۆ پێشبینیکردن، ئەوا دەکرێت چەند ئەگەرێک پڕ ماناش بخاتەڕوو دەربارەی ئەگەری ڕوودانی چەند ڕووداوێکی دیاریکراو لە ئایندەدا. ئەمەش جۆرێک دەبێت لە سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە**

دەکەن کە کاتێك پرسەکە پەیوەندیدار دەبێت بە بابەتی پێشبینیکردنەوە، ئەوا خراپترین پێشبینیکردن لە ئەمریکا دەکرێت و بەو پێیە و سەرەڕای ئەوەی تێچوونێکی زەبەلاح خەرج دەکات لە بوارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی و جیهانییەوە، ئەوا هێشتا دەبێتە قوربانیی موفاجەئاتەکان. لەم سۆنگەیەوە، -ئەم دوو توێژەرە- بانگەشەی ئەوە دەکەن کە رێگایەکی باشتر هەیە کە دەرفەتێکی واقیعی بۆ ئەمریکا دەستەبەر دەکات، بۆ گرتنەبەری بڕیارەکان لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندێکی هۆشیارانە بۆ ئایندە، نەك لەسەر بناغەی خوێندنێکی سادەی رابردوو، و بە گوێرەی دەستنیشانکرنەکانیان ئەوا ئەم رێگایە دوو رێچکە لەخۆ دەگرێت کە لە رواڵەتدا دژبەیەکن و بریتین لە رێچکەی پلاندانان بۆ سیناریۆکان و رێچکەی پێشبینیکردنی ئەگەرئامێز. و لە راستیدا ئەم دوو رێچکەیە لە رووی گریمانەکردنەکانیانەوە assumption جیاوازن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پلاندانان بۆ سیناریۆکان: ئەم رێچکەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چەندین ئایندە هەن و ئەگەری ئەوە هەیە روودەن کە دەکرێت بە پێی هەندێ مەرجی ماقووڵ نەك لەسەر بنەمای ئەگەر وێنا بکرێن.

٢- رێچکەی پێشبینیکردنی ئەگەرئامێز: باوەڕی بەوەیە کە دەکرێت دەرهاویشتەکانی ئەو ئەگەرانە هەژمار بکرێت کە مومکینن، و بەو پێیە دەکرێت حاڵەتی نادڵنیایی کە شکڵ و شێوەی نەگرتووە، بگۆڕێت بۆ حاڵەتی مەترسی کە قابیلی ئەوە بن لە رووی چەندێتییەوە بپێورێن.

لەبەر ئەوەی ئەم دوو رێچکەیە توخمی بەهێزی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوا هەردوو توێژەر پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە یەك رێچکەدا ئاوێتە بکرێن بۆ دەستخستنی رێچکەیەکی باشتر، ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە دەکرێت ئەم رێچکە باشترە چوارچێوەیەك بۆ بڕیاربەدەستان دەستەبەر بکات، لە پەیوەندی بە ئایندە مومکینەکان و هۆشیاربوونەوەی بەردەوام لەبارەی هەر یەکێك لەو ئەگەرانەی دەکرێت بێنەئاراوە، لەبەر ئەوە هەردوو توێژەر ئومێدی ئەوە دەکەن کە دەکرێت بڕیاربەدەستان بتوانن بە گرتنەبەری ئەم رێچکەیە بە داناییەوە گرەو لەسەر سبەی واتە ئایندە بکەن.

● **پلاندانان بۆ نادڵنیایی**

هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و ( تیتلوك) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بارودۆخە بێ پێشینەکان Unprecedented situations بە دیاریکراوی بارودۆخی نادڵنیایین uncertainty، بۆ نموونە دروستکردن و پەرەپێدانی چەکی ناوکی، کێشەیەکی نوێی خوڵقاند، لەبەر ئەوەی ئەم چەکە دەتوانێت لە میانەی چەند کاتژمێرێکدا چەند دەوڵەتێك تێکبشکێنێت و بەو پێیە هێزە گەورەکان رووبەڕووی دۆخێکی بێ پێشینە بوونەوە و ئەمریکا هەوڵیدا کێشەکە بگۆڕێت بۆ کێشەیەکی حیساب بۆکراو a calculate one

هەردوو توێژەر سەرنجی ئەوە دەدەن کە لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا و لە رێی Rand Corporation هاوپەیمانەکان توانییان سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن لە مەیدانی توێژینەوەکانی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنەکان Operations و جێبەجێکردنی رێچکە و رێگاکانی ئامارئاسا بۆ برەودان بە دەرئەنجامەکانی دەستێوەردانە تەکتیکییەکانەوە. بەڵام هەردوو توێژەر ئەوە روون دەکەنەوە کە ئەم سەرکەوتنە تەکتیکییە مایەی گاڵتەجاڕی بوو Farcical. لەبەر ئەوە شرۆڤەکاران نەیانتوانی خۆیان لە حاڵەتی نادڵنیایی لابدەن و نکۆڵی لێ بکەن، لەبەر ئەوە پرسیارێکی گرنگ ورووژێنرا دەربارەی ئەوەی چۆن دەکرێت ستراتیژییەتێکی ماقووڵ دابرێژرێت؟

توێژەری دێرین لە دامەزراوەی راند (هێرمان کان- Herman Kahn) وەڵامی ئەم پرسیارەی خستەڕوو و دەڵێت: ئەگەر ژیانی رابردوو نەتوانێت ستراتیژیەتێك دابڕێژێت، ئەوا دەکرێت ئایندەی خەیاڵکراو بەدی بهێنێت. و (هێرمان کان) هەوڵیدا پەرە بە داڕشتنی تایبەتی بە خۆی بدات لە پەیوەندی بە دانانی ستراتیژیەتەکانەوە لە پێناوی خستنەڕووی ئەزموونێکی بەدیل، واتە لە رێی ئەزموونەکانەوە ئەمریکا ئامادەکاری بۆ ئایندە بکات. بە تێڕوانینی (کان) خاوەن بڕیارە سیاسییەکان

**جۆراوجۆریی کۆمەڵە پرسیارەکان رێگری دەکات لەوەی پێشبینیکارەکان زیادەڕەوی بکەن لە بایەخدانی گەورە بە ئاماژەیەکی دیاریکراو کە رەنگە زۆر گرنگ نەبێت**

**لەبەر ئەوەی پرسیارەکان گریمانەکان بەتاڵ دەکەنەوە، ئەوا دەبنەهۆی دواخستنی زانیارییە گرنگەکان**

**کاتێک پرسیارەکان پرسیاری ورد دەبن، ئەوا بوار ناهێڵێتەوە بۆ پانتاییەکی گەورەی مانۆڕکردن**

**وەڵامە گەوهەرییەکان بۆ پرسیارە دیاریکراوەکان پێوەرێکی سادە دەخەنەڕوو بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدانی پێشوەخت دەربارەی ئەوەی ئایندە چۆن دەبێت**

سیناریۆکانی مێژوو بۆ حاڵەتێکی دروستکراو و سەربوردەیەکی مێژوویی بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوە لەم بارەوە دەڵێت: لە رابردوودا سیناریۆکان ئازادبوون و زۆر پەیوەندیدار نەبوون بە پرسە سەرەکییەکانەوە Freewheeling and discursive. بەڵام دوای ئەوەی پلاندانان بۆ سیناریۆکان هاتە بواری بزنێسەوە، ئەوا گۆڕانکاری پەیکەربەندی بەسەردا هات، لە گرنگترینیان: پلاندانەرانی سیناریۆکان دوو پێوەری نادڵنیاییان دەستنیشان کرد و جەخت لەسەر بەها پەرگیرەکانی هەر یەکێکیان کرایەوە، لەگەڵ دارشتنی چوار ئەگەر بۆ جیهانی ئایندە.

مەرج نییە ئەو سیناریۆیانەی دەخرێنەڕوو پێشبینیئامێز بن، بەڵام دەکرێت ئیستفزازی بن. پلاندانەرانی ئەم سیناریۆیانە گریمانە پێشکەش دەکەن لەبارەی ئەوەی جیهان چۆن هەڵدەسوورێت و مرونەتێکی هۆشیارانە Cognative flexibility پێشکەش دەکەن بۆ سیناریۆیەکی باشتر کە دەکرێت بگیرێتەبەر لەبەرامبەر ئەو ئایندەیەی دادێ.

لە مێژە سیناریۆکان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی ئاڵۆز بەکار دەهێنن، و بە تایبەتی ئەو کێشانەی لەسەر ئاستی جیهان مەترسیدارن و هێشتا لە حاڵەتی گۆڕانکارییەکی بەردەوامدان وەك پەیوەندی ئەمریکا و چین. دامەزراوەی راند راپۆرتێکی لەبارەی ستراتیژیەت پەیوەست بە چینەوە بڵاوکردەوە، کە راپۆرتەکە چوار سیناریۆ لەبارەی پێگە و دۆخی چین لە ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوودا لەخۆدەگرێت.

هەروەك هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و تیتلوك) روونی دەکەنەوە سیناریۆکان ئەمانە لە خۆدەگرێت:

١) چینی سەرکەوتوو Triumphant China: کە تێیدا چین لە رێی سوپایەکی نوێ و ئابوورییەکی پڕ لە داهێنانەوە لە زۆر بواردا هەژمونی خۆی بەسەر شانۆی جیهانیدا دەچەسپێنێت

٢) چینی هەڵکشاو Ascendant China: کە چین بە هێزێکی بەرچاو دادەنرێت نەك تەنیا لە ئاسیا بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەی جیهان.

٣) چینی چەقبەستبوو Stagnant China: کە چین پێدەنێتە نێو قۆناغێکی چەقبەستووە بەهۆی ئەوەی گەشەیەکی کەم دەکات و رووبەڕووی پشێوی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

٤) تەقینەوەی چین لە ناوەوەڕا Imploding China: کە چین دەناڵێنێت بەدەست تەنگژە و دارووخانی ناوخۆییەوە کە رەهەندی وجوودییان هەیە و سەردەکێشێت بۆ ناسەقامگیری ناوخۆیی کە دەبێتەهۆی بنکۆڵکردنی دەستڕۆیشتوویی نێودەوڵەتیی چین.

مەودا و بەرفراوانیی ئەم سیناریۆیانە بۆی هەیە ببێتەمایە ئەوەی خاوەن بڕیارە سیاسییەکان پەرە بەو ستراتیژیەتانە بدەن کە ببنە هۆی ئەوەی لە ئایندەدا پێگەی دەوڵەت بەهێز بێت، بەڵام بە چاوپۆشین لەو ئایندەیەی کە پیادە دەکرێت، ئەوا بوونی چەندین تێڕوانینی جیاواز لە بارەی ئایندەوە بۆی هەیە کارەکە مەحاڵ بکات و، دانانی پلانێکی باش بۆ ئایندە بە مانای دانانی کۆتوبەندە لەسەر پلانی داهاتوو، بەڵام بە زۆری ئەم کۆت و بەندانە بەس نین بۆ خاوەن بڕیاری سیاسی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی پێویستی بەوەیە بزانێت باشترین ئایندە چییە.

## ● گۆڕینی نادڵنیایی بۆ مەترسی

پێشبینیکاران پێیان وایە پلاندانان بۆ سیناریۆکان تا رادەیەکی گەورە کارێکی ئاڵۆز و بە چەشنێك مەترسیدار و چەواشەکارانەیە، لەم رووەوە نەك تەنیا ئاماژە بە نەبوونی بەڵگەی جێگیر بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو بانگەشانەی کۆتوبەند دروست دەکەن لەسەر پلاندانان بۆ سیناریۆکان، بەڵکو باس لەوە دەکەن کە سرووشتی سەرنجڕاکێشی سیناریۆیەکە بۆی هەیە کۆمەڵێك لایەنگیری ناعەقڵانی بخولقێنێت لە رووی لەخشتەبردنی خاوەن بڕیارەکە لە پەیوەندی بە ئەنجامدانی کردارێکی ئامارئاسا و ژمێرکارییانەی بنەڕەتییەوە. لە هەمان کاتدا هەر رووداوێکی کتوپڕ ئەگەری روودانی سیناریۆیەکی دیاریکراو کەم دەکاتەوە.

بە گشتی، پلاندانان بۆ سیناریۆکان جۆرێك لە خەیاڵکردن لەخۆدەگرێت Imagination بەڵام پێشبینیکردن بە ئاراستەی پشتبەستن بە لێکدانەوە کار دەکات، هەروەها رێچکەی

بۆ گۆڕینی ئەو ئایەندانەی ئەگەری هاتنەدییان لێ دەکرێت بۆ کۆمەڵێک لە ئاماژەی روون کە بکرێت لە مەودای کورتدا سەرنج بدرێن، پێویستە ئەم پرسیارانە ئەزموون بکرێن، بەڵام نەک لە سەر بنەمای بەها شەخسییە تاکەکەسییەکان

سوودی توانای دانانی ئەگەری واقیعی بۆ ئایندەکان سوودێکی ئاشکرا و بەرچاوە، ئەمەش دەرفەتمان پێ دەدات بە خێرایی لە ئایندە بڕوانین، بەڵام تەنانەت باشترین پێشبینیکارەکان رووبەڕووی سنووربەندی و تەحەددی Limits دەبنەوە

پرۆفیسۆر (تیتلوک) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کلیلی پێشبینیە جیۆپۆلەتیکییەکان بریتییە لە راهێنانی کەسانی کارامە لەسەر پرسی ئەگەرەکان و دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی کە لایەنگیری لەخۆدەگرن

زەحمەتە بتوانرێت لە رێی پرەنسیپە تیۆرییەکانەوە، یان لە رێی بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکان لە ئەزموونەکانی رابردووەوە خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی داهاتوو بکرێت.

**ئەو یاسایانەی بوونەتە بنەمای هەڵسووڕانی سیستمە نێودەوڵەتییەکە یاسای دژوارن، یان مایەی گفتوگۆیەکی دوورو درێژن، بە تایبەتی بە زۆری ئامارە گرنگەکان لەبەردەستدا نین، یان بێ پێشینەن و بە هەزاران گۆڕدراو بە چەشنێکی بێشومار لەگەڵ یەکدا کارلێک دەکەن**

**دانانی پلانێکی باش بۆ ئاینده بە مانای دانانی کۆتوبەندە لەسەر پلانی داهاتوو، بەڵام بە زۆری ئەم کۆت و بەندانە بەس نین بۆ خاوەن بڕیاری سیاسی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی پێویستی بەوەیە بزانێت باشترین ئاینده چییە**

**لە مێژە سیناریۆکان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی ئاڵۆز بەکار دەهێنن، و بە تایبەتی ئەو کێشانەی لەسەر ئاستی جیهان مەترسیدارن و هێشتا لە حاڵەتی گۆڕانکارییەکی بەردەوامدان وەک پەیوەندی ئەمریکا و چین**

خوێندنەوەی ئاینده Deductive approach ئەو یاسایە بەکار دەهێنێت کە وەسفی ڕەفتاری سیستمەکە دەکات بۆ پێشبینیکردنی داهاتووی دەوڵەت، بەڵام ڕێچکەی ئیستقرائی Inductive approach ئەم جۆرە تێگەیشتنە بە پێویست نازانێت، لەبەر ئەوەی بە زۆری ژمارەکان بەسن بۆ گریمانەکردنی ئەوەی ئاینده بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی ڕابردووە.

هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و تیتلوك) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی مایەی تەحەددین بۆ ئەم ڕێچکانە لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانەی بوونەتە بنەمای هەڵسووڕانی سیستمە نێودەوڵەتییەکە یاسای دژوارن، یان مایەی گفتوگۆیەکی دوورو درێژن، بە تایبەتی بە زۆری ئامارە گرنگەکان لەبەردەستدا نین، یان بێ پێشینەن و بە هەزاران گۆڕدراو بە چەشنێکی بێشومار لەگەڵ یەکدا کارلێك دەکەن. و لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانرێت لە ڕێی پرەنسیپە تیۆرییەکانەوە، یان لە ڕێی بەدەستهێنانی دەرئەنجامەکان لە ئەزموونەکانی ڕابردووەوە خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو بکرێت.

و لەم ڕوانگەیەوە، ئەوا مێژوونووسان و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە بە زۆری پێشبینیکاری خراپن Bad forecaster بە تێڕوانینی هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و (تیتلوك ) و لە توێژینەوەیەکی پرۆفیسۆر (تیتلوك) لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو شارەزایانەی چەند ڕۆژگارێکی جیاوازیان بینیوە، ڕووبەڕووی دژواری دەبنەوە لە بەرەنگاربوونەوەی تەحەددییە هەڕەمەکییەکان و بەو پێیە دوچاری زەحمەتی دەبنەوە لە پێشبینیکردنی ڕووداوە جیهانییەکان، لەبەر ئەوە لە نێو پێشبینیکارە سەرنجڕاکێشەکاندا خراپترین ئەدایان هەبوو. هەر لەم توێژینەوەیەدا پرۆفیسۆر (تیتلوك) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کلیلی پێشبینیە جیۆپۆلەتیکییەکان بریتییە لە ڕاهێنانی کەسانی کارامە لەسەر پرسی ئەگەرەکان و دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی کە لایەنگیری لەخۆدەگرن، بەو شێوەیە ئەم گرووپە کاریگەریی ئەرێنییان دەبێت.

بە بۆچوونی پرۆفیسۆر (تیتلوك)، باشترین پێشبینیکاران خۆیان لە قەرەی ئەو پرسیارانە دەدەن کە وەك گرێکوێرە دەردەکەون، ئەویش لە ڕێی دابەشکردنیانەوە بۆ چەند بەشێك، و گەڕان بە دوای دووبارەبوونەوەکردنەوەی پێشووی ڕووداوی هاوشێوە و هەموارکردنەوەی ئەگەرەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی هەلومەرجەکە. Uniqueness of the situation و نوێکردنەوەی بەردەوامی مەزەندەکردنەکان پێ بە پێی دەرکەوتنی زانیارییە نوێیەکان. لوتکەی دەستکەوتی پرۆفیسۆر (تیتلوك)، بریتییە لە گەیشتن بە دەرئەنجام پەیوەست بە بەدەستهێنانی خاڵەکانەوە Scores کە مەزەندەکردنەکانی شرۆڤەکارانی CIA تێپەڕاند (سەرەڕای ئەوەی ئەم شرۆڤەکارانە بە ڕێژەی ٣٠٪ زانیاری بەنرخیان لەبەردەستدا بوو.

سوودی توانای دانانی ئەگەری واقیعی بۆ ئاییندەکان سوودێکی ئاشکرا و بەرچاوە، ئەمەش دەرفەتمان پێ دەدات بە خێرایی لە ئاینده بڕوانین، بەڵام تەنانەت باشترین پێشبینیکارەکان ڕووبەڕووی سنووربەندی و تەحەددی Limits دەبنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر لێیان بپرسیت، پێشبینی و چاوەڕوانییەکانتان بۆ ڕووداوەکانی ٣ یان ٥ ساڵی داهاتوو چییە، ئەوا بۆچوونەکەیان بە شێوەیەك دەبێت کە ناتوانیت جیای بکەیتەوە لە دەستنیشانکردنە هەڕەمەکییەکان Random guessing بەڵام تا ئەو ڕاددەیەی کە سەرکردەکان پێویستیان بە دەرکردنی ئەو بڕیارانە دەبێت کە گۆڕینیان دژوارە و لە مەودایەکی دووردا کۆتاییان پێ دێت، ئەوا زەحمەتە بتوانین پێشبینیکاران بە داڕشتن و داڕێژەرانی سیاسەتەکانەوە گرێ بدەین. خاوەن بڕیارە سیاسییەکان دەیانەوێت بە وردی ئەو ڕووداوە بزانن کە لە ئاییندەی نزیك، یان دووردا ڕوودەدات. ئەمەش تەحەددی گەورەی بەردەم پێشبینیکارانی بواری سیاسەتە، کە ئەگەرچی دەتوانن ڕواڵەتەکانی ئاینده ڕوون بکەنەوە، بەڵام ناتوانن زانیاری پێویست و ورد بخەنە بەر دەم خاوەن بڕیارەکان، کە پشتبەستن بە تەنیا پێشبینییەکیش بە هەڵەداچوونە.

### ● وەڵام بۆ ئاینده

هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و تیتلوك) ئەوە دووپات دەکەنەوە کە یەکەم شت بە بیردا بریتییە لە: چۆنیەتی گرێدانەوەی ئەو ڕێچکە

جیاوازانەی هەوڵ دەدەن ئاینده بخوێننەوە. ئەم گرێدانەوەیە بەرجەستە دەبێت لە کۆمەڵێك پرسیاردا کە هەر زوو چەند ئاماژەیەکی پێشبینیئامێز دەخەنەڕوو، لە بارەی ئەوەی دەکرێت وێنا بکرێت لە بارەی ئایندەوە، ئەمەش بوار بە داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی دەدات کە لە نزیکترین کاتدا گرەوی زیرەکانەتر بکەن. واتە لەبری هەڵسەنگاندنی ئەو سیناریۆیەی زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێ دەکرێت لە مەودای دووردا، ئەوا داڕشتن و دانانی کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی پێشبینییەکان بوار بۆ شرۆڤەکاران دروست دەکات، بۆ گۆڕینی ئەو ئایەندانەی ئەگەری هاتنەدییان لێ دەکرێت بۆ کۆمەڵێك لە ئاماژەی ڕوون کە بکرێت لە مەودای کورتدا سەرنج بدرێن، پێویستە ئەم پرسیارانە ئەزموون بکرێن، بەڵام نەك لە سەر بنەمای بەها شەخسییە تاکەکەسییەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەك کۆمەڵێك پرسیاری جیاواز و تایبەتمەند دەردەکەون، بە چەشنێك هەر کۆمەڵێك زانیاری پێشکەش دەکات لەبارەی ئەوەی کام لە ئاینده وێناکراوەکان دێتەدی و، لە دەرئەنجامدا داڕێژەری بڕیار ڕاناکێشرێت بەرەو سەربوردەیەکی دیاریکراو لە پێناوی تێکەڵکردنی ماقووڵییەت و ئەگەرایەتی. لەبری ئەوە، ئەوا وەڵامە گەوهەرییەکان بۆ پرسیارە دیاریکراوەکان پێوەرێکی سادە دەخەنەڕوو بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدانی پێشوەخت دەربارەی ئەوەی ئاینده چۆن دەبێت. ئەگەر ئاینده پەیوەست بوو بە ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەوا چەندین ئاماژە و هۆشیار ڕۆڵی گرنگ دەبینن.

گرێدانەوەی سیناریۆکان، هەروەك هەردوو توێژەر (سکوبڵ) و تیتلوك) نووسیویانە، بە کۆمەڵێك لە پرسیارە پێشبینیئامێزەکانەوە گرفتەکانی پەیوەست بە پێشبنیکردن دەخەنەڕوو کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

یەکەم: کاتێك پرسیارەکان پرسیاری ورد دەبن، ئەوا بوار ناهێڵێتەوە بۆ پانتاییەکی گەورەی مانۆڕکردن.

دووەم: لەبەر ئەوەی پرسیارەکان گریمانەکان بەتاڵ دەکەنەوە، ئەوا دەبنەهۆی دواخستنی زانیارییە گرنگەکان.

سێیەم: جۆراوجۆریی کۆمەڵە پرسیارەکان ڕێگری دەکات لەوەی پێشبینیکارەکان زیادەڕەوی بکەن لە بایەخدانی گەورە بە ئاماژەیەکی دیاریکراو کە ڕەنگە زۆر گرنگ نەبێت و بە هەڵە بگەنە دەرئەنجامێك بەوەی ڕایبگەینن کەوا سیناریۆیەکی دیاریکراو خەریکە ڕوودەدات.

چوارەم و کۆتایی: لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك پرسیار سەردەکێشن بۆ پێشبینیکردن، ئەوا دەکرێت چەند ئەگەرێك پڕ ماناش بخاتەڕوو دەربارەی ئەگەری ڕوودانی چەند ڕووداوێکی دیاریکراو لە ئاییندەدا. ئەمەش جۆرێك دەبێت لە سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە.

## ● کۆتایی

هەردوو توێژەر (سکوبڵ ) و تیتلوك) بەم قسەیە کۆتایی بە توێژینەوەکەیان دەهێنن: پێویستە هەر دیدگایەك بۆ ئاینده گرێ بدرێتەوە بە بڕیارە گرەودارەکانەوە. توێژەران و پیادەکاران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر سیناریۆی پێشبینیکردن بە پلاندانان و ئەگەرەکانەوە ناساز بوون، یان دژبەیەك بوون، ئەوا مەزەندە و ئامانجی جیاواز بەدەستەوە دەدەن. پلاندانەرانی سیناریۆکان قەناعەتیان بەوە هەیە کە ئاینده بریتییە لە حاڵەتی نادڵنیایی و پێویست بە پێکدادان ناکات لەگەڵ پێشبینیکاران بۆ گۆڕینی حاڵەتی نادڵنیایی بۆ حاڵەتی مەترسیی کارەساتبار.

دانانی کۆمەڵێك پرسیار دەرفەت دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی هەر ڕێچکەیەکی کاریگەری ئەرێنی خۆی هەبێت، لەگەڵ گۆڕینی مەودای دووری موجەڕەد بۆ مەودای کورتی دیاریکراو کە ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ سەرکردەکان بۆ ئەوەی بە خێرایی لە ئاینده تێبگەن و کاربکەن لەسەر خۆلادان لە مەترسییەکان و قۆستنەوەی دەرفەتەکە بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆیی.

بەڵام تەگەرەی سەرەکی بەردەم ڕۆئیایەکی ڕوون بۆ ئاینده، ئاستەنگێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو بەربەستێکی ڕێکخراوەیی دامەزراوەییە، و گرێدانەوەی سیناریۆی پلان بۆ دانراو لەگەڵ پێشبینی پەیوەست بە ئەگەرەکانەوە هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر بێت و جێبەجێ نەکرێت. دەبێت داڕێژەرانی سیاسەت لە گرنگی پێشبینیکردن تێبگەن و گرێی بدەنەوە بە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکانیانەوە.

**(هێرمان کان) هەوڵیدا پەرە بە دارشتنی تایبەتی بە خۆی بدات لە پەیوەندی بە دانانی ستراتیژیەتەکانەوە لە پێناوی خستنەڕووی ئەزموونێکی بەدیل، واتە لە ڕێی ئەزموونەکانەوە ئەمریکا ئامادەکاری بۆ ئاینده بکات**

**ئەم دۆخە مایەی چەندین تەحەددییە کە بەرجەستەکاری کۆمەڵێک کێشەی کرداری و جێبەجێکارین و ڕووبەڕووی خاوەن بڕیارەکان دەبنەوە**

**بە زۆری سیاسەتمەداره خاوەن بڕیارەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە بیرۆکەکانی پەیوەست بە داهاتووە هەمان بیرۆکەکانی ڕابردوون و بەو پێیە هەمان نەخشەی هزری دووبارە دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر ژینگە و هەلومەرجی دەوروبەریشیان گۆڕانکاریی دراماتیکی بەسەردا هاتبێت**



## سەروەر کەمال هاواری

بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ گوڵان:

# بە بازاڕکردنی گەنمی جوتیاران هەنگاوێکە بۆ بەهێزبوونی ژێرخانی کوردستان

گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی هاوتەریبە لەگەڵ پێداویستیی خەڵك و دۆزینەوەی هەلی کاردا، فرەکردنی سەرچاوەی داهات و بایەخدان بە هەردوو کەرتی پیشەسازی و بازرگانی و بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەنجامدا.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی وەبەرهێنانی لە کەرتی نیشتەجێبوونەوە گۆڕیوە بۆ کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ، بۆ ئەمەش دیارە کە هاوکاری و هەماهەنگییەکی فراوان لە نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتە پەیوەندارەکانی دیکەی وەك وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانیدا هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە؛ بایەخدان بە پیشەسازیی گەورە و مامناوەند و بچووك تاچەند ژێرخانێکی پتەو و فرەسەرچاوەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات؟**

- رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جگە لەوەی رووبەڕووی تەحەدداکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی سەختی دارایی بووەوە، دەستیشی کرد بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە کارنامەی کابینەکەیدا هاتبوون، ئەوەتا لە ناو گەرمەی قەیران و پەتای کۆرۆنادا خزمەتگوزارییەکان رانەگیران و سەقامگیری و ئارامیی هەرێمەکەی پاراست، بە کرداریش بەڵێنەکانی کابینەکەی لە رووی هەمەچەشنکردنی ئابوورییەوە دەست پێ کردووە، سەرۆکی حکومەت بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (هەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوەی هەیە کە لە عێراق و ناوچەکە ببێتە سەنتەرێکی بازرگانیی گرنگ) بۆ ئەمەش بەردەوام هەوڵی راکێشانی وەبەرهێنان دەدات، بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە لە هەرێمی کوردستاندا، بەشێکی هەرە گرنگی سەردانەکەی جەنابیان بۆ ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەورووپا و دیدارەکەی لەگەڵ مارك رووتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا و دان برۆلێیت وەزیری وزەی ئەمریکا، بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانە تاوەکو هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری خێراتر بکات، هەروەها دانانی بەردی بناغەی گەورەترین ناوچەی پیشەسازیی خۆراك لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان لەشاری دهۆك، لەسەر رووبەری ١٤٢٣ دۆنم زەوی، کە نزیکەی ٢٧٥ کارگەی جۆراوجۆری خۆراکی و ٢٢٩ کۆگاو دەیان پێداویستی و شوێنی پەیوەندیداری لەخۆگرتبوو، کە گرنگییەکی رادەبەدەری هەبوو بۆ گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی، هەروەها دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵێك کارگەو سایلۆ بۆ ساخکردنەوەی گەنمی جووتیاران لە هەولێر و، چەندین پڕۆژە و کاری ستراتیژی و گەورەی دیکە کە پاڵپشتی و پشتگیرییەکی تەواوی هەوڵەکانی هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی و وەزارەتی کشتوکاڵە، بۆ بوژانەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی. ئەم هەنگاوەش لەپێناو سوود وەرگرتنە لە ستراتیجی هەمەلایەنی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی، کە دەتوانێت سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ سەرمایە و تەکنەلۆژیاو بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی هێزی کاری ناوخۆ .

دیدگای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری دەڕوات، لەو روانگەیەوە کارکردن لە پێناو خەڵکدا دەبێت و گەشەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی هاوتەریب دەبێت لەگەڵ پێداویستییەکان و دۆزینەوەی هەلی کاردا، ئەمەش پێویستیی تەواوکەریی ئەو چاکسازییە گشتگیر و فراوانەیە کە کابینەکەدا، لەسەرجەم بوارەکاندا دەستی پێکردووە، لە ساڵانی رابردوودا هەموو داتاو زانیارییەکانی لای ئێمە لەوەزارەت هەیە، ئەوە دەردەخەن کە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی پەراوێز خرابوون و روویان لە لاوازی کردبوو، سەبارەت بەکەرتی پیشەسازییش بە هەمان شێوە لە ٢٠١٥دا کۆی گشتی کارخانەکانی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە ٥٤٪ی کاریان دەکردوە و قەیرانی کۆرۆناو دارایی زیاتر زیانی پێ گەیاندن، بۆ هەڵسانەوەو دەربازبوون لەم دۆخە ستراتیژی بەهێزکردنی کەرتێکی راستەقینەی تایبەت دارێژدرا، کە تیایدا جێگای پڕۆژە بچووك و مامناوەندەکانیش دەکرێتەوە. لە مەودایەکی مامناوەندا هەیکەلی ئابووریی هەرێمی کوردستان، لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە بۆ هەرێمێکی بەرهەمهێن دەگۆڕدرێت و کەرتێکی تایبەتی نوێ لەدایك دەبێت، کە لەلایەك بارگرانیی سەر شانی حکومەت کەم دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە لە خزمەتی هاونیشتمانیاندا دەبێت.

*** لە سەرەتای دەستپێکی کابینەی نۆیەم، سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەگەڵ سەرجەم سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی کوردستان کۆبووە، پاشان نزیکەی هەزار پڕۆژەی راگەیاندن، ئایا هەرە دیارەکانی ئەو پڕۆژانەی بۆ کەرتی پیشەسازی بەرنامەیان بۆ دانراوە چین؟**

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو واقیعەی دەزانی کە حکومەتێکی بەهێز، واتە ئابوورییەکی بەهێز، بۆ ئەمەش کەرتێکی تایبەتی بەهێزمان دەوێت، نەك کەرتێکی لاواز، کە ببێتە بار بەسەر داهاتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەمەش راستەوخۆ لە دەستپێکی کابینەی نۆیەم بەڕێز سەرۆك وەزیرانی کوردستان لەگەڵ سەرجەم سەرمایەداران و وەبەرهێنانی کوردستان کۆبووە و هەزار پڕۆژەی راگەیاند، کە بەشی زۆریان بۆ کەرتەکانی پیشەسازی بوون، ئەم پڕۆسەیە لە

**سەرۆکی حکومەت بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان دەرفەتی ئەوەی هەیە کە لە عێراق و ناوچەکە ببێتە سەنتەرێکی بازرگانیی گرنگ**

**دیدگای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری دەڕوات**




**هەرێمی کوردستان، لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە بۆ هەرێمێکی بەرهەمهێن دەگۆڕدرێت و کەرتێکی تایبەتی نوێ لەدایک دەبێت**

**لە دەستپێکی کابینەی نۆیەم بەڕێز سەرۆک وەزیرانی کوردستان لەگەڵ سەرجەم سەرمایەداران و وەبەرهێنانی کوردستان کۆبووە و هەزار پرۆژەی ڕاگەیاند، کە بەشی زۆریان بۆ کەرتەکانی پیشەسازی بوون**

چوارچێوەی پلانی وەبەرهێناندا بوو بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بەسوود وەرگرتن لە پلانی وەزارەتەکان، کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پشکێکی باشیان بەرکەوت و سەرەتایەکیش بوو بۆ ئامادەکردنی نەخشەی وەبەرهێنان، ئەو کات دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ٢٥٩ پرۆژەی پێشکەش کرا و بەشی هەرە زۆری وەرگیرا، بەگشتی کەرتی پیشەسازی زیاتر لە ٤٥٠ سێکتەر لەخۆ دەگرێت، ئەوەی لەم قۆناغەدا لە کوردستان زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت، کەرتەکانی خۆراك و خواردەمەنی و پترۆکیمیاویی و کەرەستەی بیناسازی و کەرەستە فلزییەکان و سوودوەرگرتن لە پاشماوەی غازی سرووشتی و پیشەسازیی کشتوکاڵ و چەندین بواری دیکەیە، پاڵپشتیی حکومەتیش بۆ ئەم کەرتانە بەبێ هەماهەنگی لە نێوان کەرتی بازرگانی و پیشەسازیی نابێت، چونکە پێویستە هاوسەنگیەکی وا دروست بکەین کە نرخەکان بەرز نەبێتەوە و کەرتی پیشەسازیی کوردستانیش بتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی وڵاتانی جیهان و دراوسێمان بکات. ئالێرەدا هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان هەرسێ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی دەردەکەوێت، بۆ ئاراستەکردنی هەرێمەکە بەرەو هەرێمێکی بەرهەمهێن.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگی ڕابردوو بەردی بناغەی کۆمەڵێك کارگەی دانا، بۆ ئەوەی گەنمی جووتیاران بکڕنەوە، ئایا تاچەند ئەم کارگەیە لە بەپیشەسازیکردنی گەنمدا دەبێتە ژێرخانێکی گرنگ بۆ ئابووریی کوردستان و دڵنیایی جووتیاران بۆ ساخکردنەوەی گەنمەکانیان؟**

- دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی (بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان) لە هەولێر، بەتێچوونی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار بە یەکێك لە پرۆژە گرنگ و ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و هەنگاونانی جددی بۆ دەوڵەمەندبوونی کوردستان و گەیشتن بە قۆناغێکی پێشکەوتووی وا، کە هەرێمی کوردستان ببێتە سەبەتەی خۆراکی عێراق و ناوچەکە، ئەم پرۆژە ستراتیژییە سوودێکی یەکجار زۆری بۆ پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی هەیە و بەروبوومی جووتیاران ساخ دەکاتەوە، هەلی کاریش بۆ هەزاران دەرچووی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ و دابینکردنی هەلی کار بۆ هەزارانی دیکە لە گەنجەکانمان دەڕەخسێنێت، بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڵێنیشی دا کە پرۆژەی (بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران) لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان جێبەجێ بکات، دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە پرۆژە و بیرکردنەوانە دەچنە بواری پاراستنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەیی کورد و کۆتاییهێنان بە مەترسیی بەکارهێنانی کارتی ئابووری و خنکاندن و گەمارۆدانی ئابووری لە دژی خەڵکی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی هاوسەنگکردنی تەرازووی بازرگانی و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر.

*** سەرمایەداران و وەبەرهێنەرانی کوردستان بە متمانەوە بۆ پرۆژە پیشەسازییەکانی حکومەتی هەرێم**

**هاتوونە پێشەوە، ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرەو پەیوەندی بەو بەرنامەیەوە هەیە کە وەزارەتەکەی ئێوە دەیەوێت لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا بناغەیەکی پتەوی بۆ دابنێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی وەزارەت بۆ دروستبوونی ئەم متمانەیە چییە؟**

- بەهێزیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی متمانەیەکی زۆری لای وەبەرهێنەر و سەرمایەداران دروست کردووە، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە چوارچێوەی ستراتیژی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەت لە بواری چاکسازی و ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئابووریی هەرێمدا کارەکانی دەکات، لەم پێناوەشدا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان و دەستەی وەبەرهێنان بەهێز کردووە و توانیومانە گرفتەکانی ڕۆتین و نەبوونی هەماهەنگی کەم بکەینەوە و هاوکاری و پاڵپشتیی باشی هەموو وەبەرهێن و بزنسکارێك دەکەین، کە دەیەوێت کارگە و پڕۆژەی جۆراوجۆر دابمەزرێنێت و کاری گەورە و گرنگیش لە بواری ڕێکخستنەوەی بازرگانی ئەنجام دراوە، هەروەها بە پاڵپشتی بەڕێز (کەمال موسلیم) وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەردەوام لە هەوڵی باشکردنی پەیوەندییەکانی وەزارەتین لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەتایبەتی وەزارەتی بازرگانی، لە پێناو ساخکردنەوەی بەرهەم و بەروبوومەکانی جووتیاران لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، لەم کابینەیەدا ڕاستەوخۆ جەنابی سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی کەرتی تایبەت و ئەنجامدانی پڕۆژە و کارگە و پێشخستنی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی دەکات، ئەمەش گەورەترین متمانەیە بۆ وەبەرهێن و بزنسکاران، ئەوەتا لەناو ئەم قەیرانە ئابووری و پەتای کۆرۆنایەدا لە دەیان ناوچە و شوێنی جیاجیا پڕۆژە و کارەکان ڕانەوەستاون و بگرە بەردی بناغەی دەیان پڕۆژە و کارگەش دادەنرێت.

*** دیارە وەزارەتی ئێوە دوو بەشە (پیشەسازی و بارزگانی)، ئایا سیاسەتێکی بازرگانیی باش هەیە بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ لە دەرەوەی بازارەکانی کوردستانیش ساخ بکرێنەوە؟**

- بەڵێ، یەکێك لەکار و ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە پەرەپێدانی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازییە چونکە هەردوو کەرتەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە و هاودژی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و بەدەستهێنانی داهات و دابینکردنی هەلی کار، یەکێکیش لە بەرنامەکانی وەزارەت چۆنێتیی پاڵپشتیکردن و ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیە.

*** لە ئێستادا کەرتی بازرگانی هاوردەکردنی لە هەناردەکردن زیاترە، هەروەها لە وەرزی بەروبوومی جووتیارانی کوردستاندا گرنگە کە هاوردەکردن کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ ساخ بکرێتەوە، ئایا تاچەند پلانتان بۆ ئەم لایەنە گرنگە داڕشتووە؟**

- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەردەوام لە خەمی چۆنێتی ساخکردنەوەی بەرهەم و بەروبوومی جووتیاراندا بووە، ئەوەتا لەکاتێکدا هەر بەرهەمێك لە ناوخۆی کوردستان زۆر دەبێت، ڕاستەوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کار بۆ قەدەغەکردنی هاتنی ئەو بەروبوومە لە دەرەوە دەکەین، لەهەمان کاتدا ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کە سایلۆ و کۆگاکانی ساردکەرەوە زیاد بکەین، بۆ ئەوەی جووتیارانی کوردستان بتوانن بەرهەمەکانیان بۆ چەند مانگ و وەرزێکی دیکە هەڵبگرن، گرنگترین کار کە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران لەم کابینەیەدا ئەنجام دەدرێت، دروستکردنی ئەو پڕۆژە گەورانەی کارگەو کڕینەوەی گەنمی جووتیارانە، چونکە بێ گرنگیدان بە پیشەسازیی خۆراك ناتواندرێت ڕاستەوخۆ بەرهەمی جووتیاران ساخ بکرێتەوە.

*** کێشەیەکی دیکەی کەرتی بارزگانی لە کوردستان، بەسیاسیکردنی ئەم کەرتەیە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، زۆر جار حکومەتی عێراق، یان (ئەو چەکدارانەی لە خاڵەکانی پشکینین) ڕێگری لە بەرهەمی جووتیارانی کوردستان دەکەن، بۆ ئەوەی هەناردەی باشوور و ناوەڕاستی بکەن، ئایا وەك وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، هەماهەنگیتان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی فیدراڵی هەیە؟**

- بەداخەوە، لە ڕابردوودا چەندین جار لە ڕێگەی گەمارۆ و دانانی بازگەی گومرگی و بەکارهێنانی ئابووری وەکو چەکێك لە دژی خەڵکی کوردستان، زیانی گەورە بە ئابووریی کوردستان گەیشتووە، هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئابووریی گونجاو بۆ گەیشتن بە تەکامولی ئابووری لە نێوان هەر دوو حکومەت و فرەچەشنکردنی ئابووری و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری، هەموو ئەمانە کۆتایی بەو حاڵەتە نەخوازراوانە دەهێنێت و پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ عێراقدا، ڕێگر دەبێت لەو سیاسەتە چەوتانەی کە زیان بە خەڵکی کوردستان و عێراق دەگەیەنێت، کە بەردەوام هەندێك لایەن و کەسایەتیی شۆڤێنی دژ بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت ئەنجامی دەدەن.

**پێویستە هاوسەنگیەکی وا دروست بکەین کە نرخەکان بەرز نەبێتەوە و کەرتی پیشەسازیی کوردستانیش بتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی وڵاتانی جیهان و دراوسێمان بکات**

**لەناو ئەم قەیرانە ئابووری و پەتای کۆرۆنایەدا لە دەیان ناوچە و شوێنی جیاجیا پڕۆژە و کارەکان ڕانەوەستاون و بگرە بەردی بناغەی دەیان پڕۆژە و کارگەش دادەنرێت**

**لە هەوڵی ئەوەداین کە سایلۆ و کۆگاکانی ساردکەرەوە زیاد بکەین، بۆ ئەوەی جووتیارانی کوردستان بتوانن بەرهەمەکانیان بۆ چەند مانگ و وەرزێکی دیکە هەڵبگرن**

**هەر بەرهەمێک لە ناوخۆی کوردستان زۆر دەبێت، ڕاستەوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کار بۆ قەدەغەکردنی هاتنی ئەو بەروبوومە لە دەرەوە دەکەین**

# ئایا بایدن بۆ کورد دەبێتە فریادڕەس؟

ئەوە ڕاستییەکی سایکۆلۆژییە کە کەسێك، یان گرووپ و تاقمێك خواستێکی بەدینەهاتوویان هەبێت، هەمیشە بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێن، تا ئەو خواستەیان بێنێتەدی. کورد لە مێژووی خۆیدا هەمیشە چاوی لە ئاسۆ بووە، بەڵکو ڕۆژێك هەڵبێت و بەدڵی ئەو بێت و خواستەکانی بێتەدی و پشوویەك بدات، ئەگەرچی زۆرینەی ئەو کەسانەش کە کورد ئومێدی پێ بەستوون، ئەوە نەبوون و ئاواتەکانی کورد لەگەڵیاندا بێ ئاکام بووە.

لەئێستادا هاتنی سەرۆکێکی نوێ بۆ ئەمریکا و جیهان جێی باسە، بەتایبەت کە جیهان نەك گرفتاری کۆمەڵێك قەیرانی سەختی سیاسی و ئابووری و تەندروستی و ئاسایش و پێکەوەژیانە، بەڵکو چوار ساڵی خولی دەسەڵاتەکەی ‹ترەمپ› هاوکێشەی سیستمی جیهانی لیبراڵیزمی جیهانیی تێکدا و پارسەنگی هێزەکان تێکچوون و، جیهانی بەرەو تاکڕەوی و یەکجەمسەری برد و، وڵاتێکی وەك چینی هێنایە پێشەوە، کە بەشداریی سیستمی نوێی جیهانی بکات و، ئایندەی ئیدارەی جیهان ئەگەری سیستمی دوو جەمسەریی لێ بکرێت، کە ئاخۆ ئایندەی لیبراڵیزمی جیهانی و چ بیرێك پێشڕەویی جیهان دەکات، ڕوون نییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە ناسەقامگیری و ئایندە ناڕوونی ماوەتەوە، جیهانێك نوقمە لە بێئومێدی و تووڕەییدا، ئەمانە لەبەردەم «جۆ بایدن»دان، کە ڕەنگە کێشەی کورد و پرسی کورد زۆری بوێت، تا ئەو بچێتە سەری و ئاوڕی لێ بداتەوە، مێژووش ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە هەموو گۆڕانکاری و دابەشکاری و سیاسەتەکانی وڵاتە زلهێزەکانی پێشوودا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد ئامانج نەبووە، بەڵکو ئەگەر لاکردنەوە بۆ لای کورد خزمەتی بە ئامانجەکانی وڵاتانی زلهێز کردبێت، ئەوا دەستێکیشیان بەسەر کوردیدا هێناوە، تاکو ئامانجەکەیان هاتووەتەدی و دواتر کوردیان فەرامۆش کردووە، بۆیە لە ئێستادا کورد لەبری ئەوەی ئومێد بە «جۆبایدن» ببەستێت، تا لایەك لە پرسەکەی بکاتەوە، باشترە دیراسەیەکی وردی ئەگەر و پێشهاتەکان بکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەمان کاتدا دیراسەیەکی وردی پاکێج و سیاسەتەکانی



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بایدن بکات، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات کە چۆن خواستەکانی خۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەودا هاوتەریب بکات، چۆن خۆی بکاتە بەشێك لەو پاکێجانەی کە ئەو ئامادەی کردووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وابکات کە بەبێ کورد سەرکەوتنی سیاسەت و ستراتیژی نوێی ئەمریکا بۆ ئەم ناوچانە ئەستەم بێت. ئەوەش پێش هەموو شتێك بە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد خۆی و بوونی سیاسەت و ستراتیژ و گوتارێکی هاوبەش، لەگەڵ خۆئامادەکردنێکی باش دەکرێت، بۆ هەر ئەگەرێك کە رووبدات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاکو لە هیچ کام لە ئەگەرەکاندا کورد فەرامۆش نەکرێت، چونکە ئەوە روونە کە ئەمریکا راستە بە هۆی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و هاتنی هەر چوار ساڵ جارێك سەرۆکێك، رەنگدانەوە و کاریگەری سیاسەتەکانی ئەو سەرۆکە نوێیە و پاکێجەکەی کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی پیادەکراوی بۆ جیهان، بەڵام ئەمریکا وڵاتێکە کە سیستمی سیاسیی تا رادەیەك جێگیرە و دەستوورێکی تۆکمەی هەیە، کە دوو سەدەیە پەیڕەوی دەکات و وڵاتێکی دامەزراوەییە، ئەمەش وای کردووە کە ئەم دەستوور و سیستمە سیاسی و دامەزراوەییە تا رادەیەك سیاسەت و روئیای بۆ ئیدارەکردن و گۆڕانکاری چوارچێوەدار بێت و، تەنیا ئەوەندەیە ئەو سەرۆکە نوێیە تێڕوانین و میکانیزم و ڕێگەچارەی بۆ کێشە و پرسەکانی جیهان جیاوازتر بێت، بۆیە ناکرێت کورد خۆی دەستەوەستان دانیشێت و چاوەڕێی فریادڕەس بکات، بەڵکو دەبێت خۆی وا ڕێك بخاتەوە و ئامادە بکات، کە بەشێك بێت لە ئەجێندای سیاسەتی نوێی هەر سەرۆکێك کە دێت، کە بەبێ کورد دروستکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا ئەستەم بێت، ئیتر کورد کار بۆ ئەوە بکات کە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامانج بێت بۆ وڵاتانی زلهێز، نەك بە پێی سیاسەتی کاتیی ئەوان لای بەلادا بکەنەوە، کاتێکیش کە ئامانجەکانیان هاتەدی، فەرامۆشی بکەن، واتە دەبێت لە رستەی سیاسەت و ستراتیژی وڵاتانی زلهێزدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد ناو، یان راناوی سەرەکی بێت، نەك راناوی لکاو.

## دیمانەی تایبەت



دەڤید فیلیپس بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئەنستیتیوتی زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ دیراسەتی مافەکانی مرۆڤ. دەڤید فیلیپس وەك راوێژکاری باڵا لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە، هەروەها وەك شارەزا و راوێژکاری باڵا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا خزمەتی کردووە. چەند پۆستێکی گرنگی دیکەی هەبووە وەك توێژەر لە سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆگرامی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بەرگرتن بە ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتی لە زانکۆی نیویۆرك بووە. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و ئەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕوان دەکرێت، لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا، لە پەیوەندی بە ناوخۆی ئەو وڵاتە و جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەدی بێن.

**دەیڤید فیلیپس**

**بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافەکان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ گوڵان:**

# پێویستە ئیدارەی سەرۆک بایدن لە نزیکەوە کار لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا دەڕوانی و ئایا دەرئەنجامەکان چ پەیامێکیان لەخۆگرتبوو، دەکرێت چۆن لێکدانەوەیان بۆ بکەین؟**

- لەپاڵ نزیکەی ٧٥ ملیۆن دەنگدەری ئەمریکیدا کە گەورەترین سەرکەوتنیان بە بەڕێز جۆ بایدن بەخشی، کە لە مێژووی هەڵبژاردنی ئەمریکادا هیچ کاندیدێکی ئەم سەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە، ئەوا منیش خۆشحاڵم بە سەرکەوتنی جۆ بایدن/ کامیلا هاریس. دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەوەی خستەڕوو کە خەڵکی ئەمریکا کەسێکیان دەوێت کە یەکخەر بێت و کێشەکان چارەسەر بکات و خوازیاری ئیدارەیەکن کە متمانە بە فاکت و زانست بکات و سەرکردەیەکیان دەوێت کە بەهاکانی راستگۆیی و رێزگرتن لە کەسانی دیکە بگەڕێنێتەوە نێو لیستی ئەو بەهایانەی کە خەڵکی ئەمریکا بەرز دەیاننرخێنن.

*** هەروەك ئاشکرایە کە سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن دەنگێکی زۆری بەدەست هێنا و سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد، ئایا چۆن لەم سەرکەوتنە دەڕوانیت و پێت وایە ئەولەوییەتی کارەکانی ئیدارەی جۆ بایدن چی دەبن؟**

- سەرکەوتنی بەڕێز جۆ بایدن ئەو کردەوە و بەهایانە دەگەڕێنێتەوە کە بە هۆیانەوە و لە رابردوودا ئەمریکا وەك گەلێکی ئازادیخواز رێزی جیهانی بەدەست هێنابوو، جۆ بایدن دووبارە جەخت لەسەر هاوپەیمانێتییەکان دەکاتەوە و، برەو

بە هاوکاریی نێودەوڵەتی دەدات، کە لە ئێستادا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پێویستمان پێیەتی، بەتایبەتی کە سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ین، هەروەها دەبێتە هۆی هۆشداریدان بە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکان بەوەی چیتر چاوپۆشی لە کار و کردەوە و رەفتارەکانیان ناکرێت.

*** دروشمی سەرەکیی سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا بریتی بوو لە گێڕانەوەی رۆح و بەهاکانی ئەمریکا لە بەرامبەر دروشمەکەی دۆناڵد ترەمپ کە بانگەشەی گێڕانەوەی شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمریکا دەکرد، ئایا بایدن تا چەند دەتوانێت لە ئاست ئەم دروشمەدا بێت؟**

- ئەمریکییەکان خەڵکانێکی میهرەبان و بەهەست و سۆزن، لەبری بە شەیتانکردنی رکابەرەکان بەڕێز جۆ بایدن جەخت لەسەر یەکێتی و یەکبوون دەکاتەوە، تەرکیز لەسەر یەکخستنی خەڵك دەکاتەوە بۆ بەرەوپێشبردن و برەودان بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

*** دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایە کە هەرچەندە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام توانیتی نزیکەی ٧٠ ملیۆن دەنگی هاووڵاتیانی ئەمریکا بەدەست بهێنێت، ئایا پێت وایە گەورەترین سەرکەوتن و بەرچاوترین شکستی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ چی بوون؟**

- شکست و ئەدای هەرە خراپی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتی بوو لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانی کۆڤید-١٩دا. لە دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە نزیکەی ٢٤٠ هەزار هاووڵاتی ئەمریکی گیانیان لە دەست داوە و نزیکەی ١٠ ملیۆن کەسیش تووشی ئەم پەتایە بوون، ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سەخت و دژوارەوە، بەهۆی ئەوەی دەیان ملیۆن کەس کارەکانیان لەدەست داوە، چەندین بزنسکاریش دووچاری مایەپووچبوون بوونەتەوە. سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و سیناتۆر میتش مەککۆنێل، سەرۆکی زۆرینە لە ئەنجومەنی پیران، دەستەبەرکردنی هاوکارییان بۆ ئەو هاووڵاتییانەی ئەمریکا فەرامۆش کرد، کە زۆر پێویستیان پێی بوو.

*** دەوترێت ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا یەکلا دەکاتەوە، پرسە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەیە، واتە خەڵکی لەسەر بنەمای هەڵوێستی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی لە ئاست ئەم پرسانەدا دەنگ دەدەن، ئایا پێت وایە بایدن بتوانێت، وەك ئیدارەدانێکی باشتری پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و بووژاندنەوەی ئابووری و چارەسەرکردنی پرسی جیاکاریی رەگەزی، لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکا کار و کۆششی جددی بکات؟**

- ئەوەی ئەم پرسە پتر روون دەکاتەوە، ئەوەیە کە یەکەم کاری جۆ بایدن بریتییە لە کۆکردنەوەی لیژنەی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی و پلانێکی کارکردنە کە لەسەر بناغەی زانست بنیات نرابێت، نەك نکۆڵیکردن، یان چەواشەکردنی راستییەکان. هەر کاتێك توانرا بەر بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بگیرێت، ئەو کاتە دەتوانین هەنگاوی کارای زیاتر هەڵگرین بۆ بووژاندنەوە و دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووریی وڵاتەکە. دەبێ شەڕی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بنیاتنانەوەی ئابووری، شان بە شانی یەکتر ئەنجام بدرێن، بەڵام بە بێ ئیحتیواکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا ناکرێت ئابووری ببووژێندرێتەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆتە هۆی لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و دورخستنەوەی دۆستەکانی، لە هەمان کاتدا زیانی بە پێگە و سەرکردایەتیی جیهانیی ئەمریکا گەیاندووە، ئایا ئێوە هاوڕان لەگەڵ ئەمەدا و ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنییە ئایا تا چ رادەیەك سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدن دەتوانێت ئەم دۆخە راست بکاتەوە؟**

- جۆ بایدن پابەندبوونی ئەمریکا بە هاوکاریی ئەمنی و نێودەوڵەتی لە رێی رێکخراوی ناتۆوە دووپات دەکاتەوە، ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ نێو رێکخراوی تەندروستیی جیهانی و هاوکاریی نێودەوڵەتی برەو پێ دەدات لە پێناو

**پێویستە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو راستییە بێت کە کوردی عێراق، کە هەم بەرژەوەندی و هەم بەهای هاوبەشیان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هەیە، باشترین دۆست و لە هەرە دڵسۆزترین هاوپەیمانی ئەمریکان**

**دەستووری عێراق پرەنسیپەکانی هاوبەشیکردنی لە دەسەڵاتدا لەخۆگرتووە، کە دەبێ ئەو پرەنسیپانە جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ کە رێکاری ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پێگەی کەرکووک لەخۆدەگرێت**

**هاوکاریی ئەمنی لەگەڵ پێشمەرگەدا بۆ بنیاتنانی ئاشتی لە شوێنەکانی وەک کەرکووک، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ برەودان بە پەرەپێدان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی**

**ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ چاوپۆشی کرد لە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن ئەو میلیشیا شیعانەی کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پاڵپشتی دەکران، پێویستە ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن رۆڵی گرنگی کورد لەبەرچاو بگرێت لە عێراقدا**

ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها لە ڕێی دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی پاریس، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕانی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دەدات. هاوکاریی فرەلایەن و هەردوو بەرەی ئەتلانتیک دەبنە خەسڵەتی ئیدارەی داهاتووی سەرۆک جۆ بایدن.

*** ئایا پێت وایە بە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئیدارەی سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆ بایدنەوە، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریی گەورە و بەرچاوی بەسەردا بێت، بەتایبەتی لە ئاست پرسەکانی پەیوەست بە ئێران و کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین؟**

- پێویستە دانپێدانانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە ئیسرائیل بەردەوام و بەرفراوان بێت. لە پەیوەندی بە پرسی فەلەستینەوە، ئەوا باوەڕم وایە کە پێویستە ئەمریکا جەخت لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بکاتەوە کە لە دەرئەنجامدا ببێتە هۆی هێنانەئارای دەوڵەتێکی فەلەستینی، کە بتوانێت بە ئاشتییانە و شان بە شانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بێت. بەرەوپێشچوونی ئابووری لەسەر ئاستی ناوچەکە فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی فەلەستین و ئیسرائیل.

*** دوایین کتێبی ئێوە ئەم ناونیشانەی هەڵگرتبوو (خیانەتە گەورەکە: چۆن ئەمریکا دەستبەرداری کورد بوو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەستدا)، ئایا پێت وایە پێویستە چۆن ئیدارەی جۆ بایدن بتوانێت بە شێوەیەکی هاوکاریئامێز و بنیاتنەرانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد، بەتایبەتی و پرس و قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بکات؟**

- کورد ڕووبەڕووی زنجیرەیەک خیانەت بووەوە لە سەدەی ٢٠دا، کە بە ڕێککەوتنی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ دەستی پێکرد و، بەردەوام بوو تاوەکو ڕێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٤ و، دوای شەڕی کەنداو کاتێک کورد هاندرا بۆ ئەوەی لە دژی دەسەڵاتی سەددام حوسێن ڕاپەڕین بکات، دواتر پشتیان تێکرا. بەم دوایییە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ چاوپۆشی کرد لە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن ئەو میلیشیا شیعانەی کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پاڵپشتی دەکران. پێویستە ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن ڕۆڵی گرنگی کورد لەبەرچاو بگرێت لە عێراقدا و زیاتر لە نزیکەوە کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، پەرەپێدانی ئابووری، هاوکاریی ئەمنی لەگەڵ پێشمەرگەدا بۆ بنیاتنانی ئاشتی لە شوێنەکانی وەک کەرکووک، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ برەودان بە پەرەپێدان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

*** کاتی خۆی جۆ بایدن وەک سیناتۆر پرۆژەی دابەشکردنی نەرمی عێراق خستەڕوو، ئایا پێت وایە جارێکی دیکە ئەم پرسە دێتەوە بەرباس؟**

- دەستووری عێراق پرەنسیپەکانی هاوبەشیکردنی لە دەسەڵاتدا لەخۆگرتووە، کە دەبێ ئەو پرەنسیپانە جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ کە ڕێکاری ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر پێگەی کەرکووک لەخۆدەگرێت، ئەویش دوای ئەوەی خەڵکە ئاوارەکە دەگەڕێنەوە و نیشتەجێ دەبن، مافە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکان گرنگن بۆ بنیاتنانی ئاشتی و بەرەوپێشچوون و سەقامگیری.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟**

- ئەگەر عێراق دوچاری شکست بێت و لێک بترازێت، ئەوا ڕەنگە ئەو کاتە کوردستانی عێراق سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە نابێت ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن بە ئاراستەی ئەم ئامانجە کار بکات و هەنگاو بنێت، پێویستە جەخت لەسەر دروستکردن و خوڵقاندنی دۆخێک بکاتەوە کە ببێتە هۆی باشترکردنی هەلومەرجی عێراقییەکان، ئەمەش پێویستی بە هاوکاریی چڕوپڕ هەیە، کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی عێراق دەبێت. پێویستە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە بێت کە کوردی عێراق، کە هەم بەرژەوەندی و هەم بەهای هاوبەشیان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هەیە، باشترین دۆست و لە هەرە دڵسۆزترین هاوپەیمانی ئەمریکان.

**پێویستە ئەمریکا جەخت لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بکاتەوە کە لە دەرئەنجامدا ببێتە هۆی هێنانەئارای دەوڵەتێکی فەلەستینی، کە بتوانێت بە ئاشتییانە و شان بە شانی دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بێت**

**دەبێ شەڕی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بنیاتنانەوەی ئابووری، شان بە شانی یەکتر ئەنجام بدرێن، بەڵام بە بێ ئیحتیواکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا ناکرێت ئابووری ببووژێندرێتەوە**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی و پلانێکی کارکردنە کە لەسەر بناغەی زانست بنیات نرابێت، نەک تکۆڵیکردن، یان چەواشەکردنی ڕاستییەکان**

**سەرکەوتنی بەرێز جۆ بایدن ئەو کردەوە و بەهایانە دەگەڕێنێتەوە کە بە هۆیانەوە و لە ڕابردوودا ئەمریکا وەک گەلێکی ئازادیخواز ڕێزی جیهانی بەدەست هێنابوو**

# دیمانەی تایبەت



لۆرانس رۆبین پرۆفیسۆرە لە سکووڵی سام نون بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە پەیمانگەی تەقەنیی جۆرجیا و توێژەرە لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیدار بوون بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا و کاریگەری و رەنگدانەوەکانی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە، لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## لۆرانس رۆبین

پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە پەیمانگەی تەقەنی جۆرجیا بۆ گوڵان:

# بایدن سەرۆکێکی شەفافە و دەزانێت وڵاتەکەی بە چ ئاراستەیەک دەبات و موفاجەئە لە سیاسەتی دەرەوە روونادات

*** بە شێوەیەکی گشتی چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا هەیە و چۆن لە دەرئەنجامەکانی دەڕوانیت؟**

- ئومێدەکە ئەوەیە کە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا سەقامگیریی زیاتر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بێنێتەدی، بە چەشنێك کە هاوپەیمان و هاوبەشەکانمان لە جیهاندا لایان روون بێت کە ئەمریکا سیاسەتێکی دەرەکیی روون و جێگیری هەیە.

*** کەواتە پێت وایە هەڵبژاردنی جۆ بایدن بە سەرۆکی ئەمریکا چ گۆڕانکارییەك بەسەر پێگەی ئەمریکادا دەهێنێت، یان با بڵێین بۆ دۆخی ناوخۆیی ئەمریکا چ مانایەکی هەیە؟**

- ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی هاوپەیمان و هاوبەشەکانی بووە و ئەوانیش چاویان لەوە بووە ئەمریکا لە ئاست ئەو بەهایانەدا بێت، کە نوێنەرایەتیی دەکات، جۆ بایدنیش جەختی لەسەر گەڕاندنەوەی رۆحی ئەمریکا کردۆتەوە، کە مەبەستەکە لەوەیە ئێمە وەك نەتەوەیەك کێین، واتە سەرەڕای بۆچوون و تێڕوانینە سیاسییە جیاوازەکانمان، دەبێ دووبارە ببینەوە بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو کە بە رێز و کەرامەتەوە مامەڵە لەگەڵ هەموواندا بکەین.

*** سەرەڕای ئەو قسەوباسانەی باس لە گرنگیی سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا دەکەن، بەڵام دەوترێت کێشە ناوخۆییەکان ئەولەوییەتی یەکەم و سەرەکین لای دەنگدەرانی ئەمریکا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن و چۆن ئەم پرسە لەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییەدا رەنگیان دایەوە؟**

- راستە دەنگدەرانی ئەمریکا کەمتر بایەخ بە پرس و کێشەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان دەدەن، بەڵکو تەرکیزەکە زیاتر لەسەر پرسە ناوخۆییەکانە، یەکێك لەو کێشە و پرسانەی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو

**سەرەڕای بۆچوون و تێڕوانینە سیاسییە جیاوازەکانمان، دەبێ دووبارە ببینەوە بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو کە بە ڕێز و کەرامەتەوە مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکەین**

**پێش سەرهەڵدانی کۆرۆنا ئەمریکا ئەدایەکی ئابووریی باشی هەبوو، دەرئەنجامی پەتاکەش کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی ئەمریکا لە بەرامبەر سەرۆک ترەمپ هەبوو**

**زۆرینەی دەنگدەران و هاووڵاتیانی ئەمریکا پێیان وابوو بەڕێز بایدن بەراورد بە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ باشتر دەتوانێت ئیدارەی پرسە ناوخۆییەکانی وەک بووژاندنەوەی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات**

**جۆ بایدن ڕووبەڕووی کۆمەڵە تەحەددییەکی جدی دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا**

بریتی بوو لە چۆنێتی ئیدارەدانی پەتاکە لەلایەن سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە، مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ بابەتی ئابووری بوو، کە ئەمانەش پرسی پێکەوە گرێدراون، چونکە پێش سەرهەڵدانی پەتاکە ئەمریکا ئەدایەکی ئابووریی باشی هەبوو، دەرئەنجامی پەتاکەش کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی ئەمریکا لەبەرامبەر سەرۆک ترەمپ هەبوو، ئەویش لە پەیوەندی بە خراپ ئیدارەدانی پەتای کۆڤید-١٩ەوە لەلایەن ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە. هەرچەندە ئەمەش تەحەددییەکی ئاسان نەبوو، واتە داڕشتنی هەر سیاسەتێکی ناوخۆیی خۆی لە خۆیدا هەڵگری تەحەددیە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی دەیانەوێت لەم سەروەختانەدا سەرکردایەتی بەدی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ژمارەیەکی زۆری دەنگی هاووڵاتیانی ئەمریکای بەدەست هێنا.

*** باشە ئەگەر زۆرینەی دەنگدەرانی ئەمریکا پرس و کێشە و تەحەددییە ناوخۆییەکانیان لەبەرچاو گرتبێت و لە ڕوانگەی ئەم پرسانەوە دەنگیاندابێت و بەڕێز جۆ بایدنیان وەک سەرۆک هەڵبژاردبێت، ئایا تا چ ڕادەیەك بایدن بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخە ناوخۆییەکە و بۆ باشترکردنی ڕەوشی وڵاتەکەی، دەتوانێت هەوڵی جدی بدات و سیاسەتی ڕاست و دروست پیادە بکات؟**

- لە ڕاستیدا تێڕوانینی من ئەوەیە کە هۆکاری هەڵبژاردن و متمانەبەخشین بە جۆ بایدن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی دەنگدەران و هاووڵاتیانی ئەمریکا پێیان وابوو بەڕێز بایدن بەراورد بە ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ باشتر دەتوانێت ئیدارەی پرسە ناوخۆییەکانی وەک بووژاندنەوەی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە جۆ بایدن ڕووبەڕووی کۆمەڵە تەحەددییەکی جدی دەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووبەڕووبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەرچۆنێك گەلی ئەمریکا چاویان لەوەیە سەرکردایەتییەکەی بەدی بکەن. کە لە ئێستادا پەیامی جۆ بایدن بە پێچەوانەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپەوە، بریتییە لە گەلێکی یەکگرتوو، نەك دابەشکردنی ئەمریکا لەسەر بنەمای دیموکرات و کۆمارییەکان، پەیامی ئەو ئەوەیە کە دەبێت هێندەی کار بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە دەنگیان پێداوە، بە هەمان ئەندازەش کار و کۆششی جدی بکرێت بۆ ئەو کەسانەی دەنگیان پێ نەداوە. بە دیدی من ئەمە جیاوازییە گەورەکەیە لە پەیوەندی بە ئیدارەدانی هەر یەکێك لە کێشە و تەحەددییەکانەوە، کە هیچیان ئاسان نین، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پەتاکەوە هەبێت، ئەوا لەبەر ئەوەی متمانە بە زانست دەکات، ئەوا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت سەرکردایەتی پیشان بدات و ئەو کاتەش ڕەنگە ئابوورییش بوژاندنەوە بەخۆوە ببینێت. هەروەها ئەوەی دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە خەڵکی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی ژیان، هەروەها لە بەشێکیدا جۆ بایدن لەبەر ئەو بنەمایە هەڵبژێردراوە کە توانای بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەیە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە جۆ بایدن هەوڵ دەدات سیاسەتێکی دەرەکیی سەقامگیر و ڕوون بگرێتەبەر و کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانە بکات، کە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لەسەر پێگەی ئەمریکا و پەیوەندی ئەمریکا بە هاوپەیمانەکانییەوە دروستی کردوون، ئەی پێت وانییە سەرقاڵبوونی ئیدارەی جۆ بایدن بە کێشە ناوخۆییەکانەوە دەبێتە ڕێگر لەوەی جۆ بایدن وەك پێویست بپرژێتەسەر کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی؟**

- لە ڕاستیدا سەرۆکەکان دەبێ توانای ئەوەیان هەبێت لە یەك کاتدا چەند کارێکی جیاواز ئەنجام بدەن، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە جۆبایدن تیمێکی بەهێزی پێکهێناوە لە کەسانی دەوروبەری خۆی کە شارەزایی و ئەزموونییان هەیە لەوەی چۆن کاروبارەکان بەڕێوە دەبردرێت و هەڵدەسوڕێن، واتە ئەو سەرکردەیەك نابێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو شتێك دەزانێت، کە پێم وایە ئەوەش بەشێکە لە سەرکردایەتی، بەڵکو لەم ڕووەوە پشت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و ئەزموون دەبەستێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش وڵاتێکە کە توانای ئەوەی هەیە لە یەك کاتدا و پێکەوە چەند کارێك ئەنجام بدات، بەڵام پێم وایە لە پەیوەندی بە پرس و کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، ئەوا پێویستە ئەولەویەتی سەرەکی و یەکەم بریتی بێت لە دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمان و هاوبەشەکانی وڵاتەکەمان، بەوەی کە

ئەمریکا دەستبەرداریيان نەبووە و لەگەڵیاندایە و ئەوەیان بۆ دووپات بکرێتەوە کە ئێمە بایەخیان پێ دەدەین و باوەڕمان وایە کە هاوپەیمانەکانمان زۆر گرنگن بۆ ئێمە.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بە تایبەتی سیاسەتی ئەم وڵاتە لە ئاست ناوچەیەکی گرنگ و پڕ لە کێشە و قەیرانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئایا پێشبینی دەکرێت کە لە سایەی ئیدارەی جۆ بایدندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا بێت، بەتایبەتی لە ئاست ئێران و ئیسڕائیل کە لە ئێستادا دەوترێت ئیسڕائیل نیگەرانە و ئێرانیش تا رادەیەك هەست بە ئاسوودەیی دەکات؟**

- من نازانم ئەو هەستەی ئاماژەتان پێکرد لە ئیسرائیل و ئێراندا هەیە یان نا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە ئێران و ئیسرائیلیش ئاشنای سیاسەتی ئەمریکان و ئاشنای ئەو کەسانەن کە سەرۆکی هەڵبژێردراو بەڕێز جۆ بایدن دەیەوێت لەگەڵیدا کار بکەن، جۆ بایدنیش کەسێکی شەفافە و دەزانێت دەبێت وڵاتەکەی بە چ ئاراستە و ئاقارێکدا بڕوات، لەم ڕووەوە پێم وانییە هیچ موفاجەئەیەك ڕووبدات. دواتر ئیسرائیل لە نزیکەوە کاری لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە ببنە تیمی سیاسەتی دەرەوەی جۆ بایدن، لەبەر ئەوەی جۆ بایدنیش ڕێچکەیەکی ڕوونی هەیە، ئەوا ئێرانیش دەزانێت ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت. دواتر ئێمە دەزانین کە لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارودۆخ و هەلومەرجێکی جیاوازدایە بەراورد بە چوار ساڵ پێش ئێستا، ئەوەتا ئەمریکا لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە کشاوەتەوە، هەروەها چەندین وڵاتی عەرەبی پەیوەندیی ئاشکرایان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دامەزراندووە، هەموو ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەوەی ئایا جۆ بایدن دووبارە بگەڕێتەوە نێو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا یان نا.

*** ئاماژەتان بە ئاساییبونەوەی پەیوەندیی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی کرد، ئایا ڕاوبۆچونی ئێوە لە بارەی ئەم ڕێککەوتن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییانە چییە و لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا لەلایەن ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدنەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پەرەسەندنانەدا دەکات؟**

- من ئاماژەم بە ڕوودانی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرد، بەتایبەتی کە ئێستا پەیوەندیی ئەم وڵاتە عەرەبییانە لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاشکرایە و چیتر بە نهێنی نەماوەتەوە، من پێم وایە ئەمە واقیعێکی گرنگە و لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پەیوەندی نزیکی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا هەیە و لە ئێستادا دەتوانێت بە ئاشکرا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و لەبارەی چەندین پرس و بابەتی جیاوازەوە، هەماهەنگییان لەگەڵدا بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەم پەرەسەندنەی نێوان ئەم وڵاتە عەرەبییەکان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلدا، بۆی هەیە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشارێکی زیاتر بۆ سەر ئێران دروست بکات، ئەمەش بوار دروست دەکات بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران.

*** کەواتە باوەڕت وایە هەلومەرجێکی لەبار دروست بووە بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە کار لەسەر کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا بکات؟**

- من دەڵێم کۆمەڵێك دەرفەتی جیاواز دروست بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کار لەسەر ئەوە بکرێت کە چۆن ئەمریکا دەتوانێت باشترین مامەڵە لەگەڵ هەندێ لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە بکات، وەك شەڕە ناوخۆییەکان، هەروەها پرسێکی دیکەی کاریگەر دەستڕۆیشتویی چین و ڕووسیایە لەم ناوچەیەدا کە ڕەنگە دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بن. پرسێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت بایدن کاری لەسەر بکات مەسەلەی فەلەستینە، کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ فەلەستینییەکانی پەراوێز خست، ئەگەرچی تا ئێستاش پەرچەکردارێکی سیاسیی گەورەی لێ نەکەوتۆتەوە، بەو شێوەیەی کە زۆرێك لە ڕەخنەگران هۆشدارییان لەبارەوە دەدا.

**جۆبایدن تیمێکی بەهێزی پێکهێناوە لە کەسانی دەوروبەری خۆی کە شارەزایی و ئەزموونیان هەیە لەوەی چۆن کاروبارەکان بەڕێوە دەبردرێت و هەڵدەسووڕێن**

**ئیسرائیل لە نزیکەوە کاری لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە ببنە تیمی سیاسەتی دەرەوەی جۆ بایدن، لەبەر ئەوەی جۆ بایدنیش ڕێچکەیەکی ڕوونی هەیە، ئەوا ئێرانیش دەزانێت ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت**

**ئەم پەرەسەندنەی نێوان ئەم وڵاتە عەرەبییەکان لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیلدا، بۆی هەیە لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشارێکی زیاتر بۆ سەر ئێران دروست بکات**

**پرسێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت بایدن کاری لەسەر بکات مەسەلەی فەلەستینە، کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ فەلەستینییەکانی پەراوێز خست، ئەگەرچی تا ئێستاش پەرچەکردارێکی سیاسیی گەورەی لێ نەکەوتۆتەوە**



مەسعود حەیدەر
راوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان:

# تا عێراق خۆی لە حاڵەتی نادەوڵەت رزگار نەکات، ناتوانێت کێشە دارایی و ئابوورییەکانی چارەسەر بکات

# (وەرەقەی سپی) تێڕوانینێکی دوورمەودایە، بۆیە چارەسەری کێشە داراییە هەنووکەییەکانی پێ ناکرێت

**عێراق لە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندەوە بووە بە دەوڵەتێکی قەیراناوی و پڕ لە کێشمەکێش و گرفتی دارایی، گەیشتن بەم حاڵەتە و شوێنەوارەکانی دەمانخاتە بەردەم خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق و بۆ ئەوەی لەناو ئەو خوێندنەوەیەدا ئێمەی کورد لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەم واقیعە نوێیە ڕێك بخەینەوە و ببینە خاوەنی سیاسەتێکی گونجاوی ئابووریی تایبەت بەخۆمان، چ ڕیکارگەلێك هەن؟ ئەم پرسە بووە تەوەرەی سەرەکیی دیداری گۆڤاری گولان لەگەڵ مەسعود حەیدەر ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.**

*** ماوەیەکی زۆر ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بوون و وەك دەزانن، لە ئێستادا حکومەتی عێراق تا قەرز نەکات، ناتوانێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، ئایا چی وایکردووە کە عێراق وەك دەوڵەتێکی دەوڵەمەند لە ماوەیەکی کورتدا بگاتە ئەم حاڵەتە؟**

- لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣وە هەرچی حزبە سیاسییەکانی عێراق هەیە، بەتایبەت حزبە شیعەکان کە باڵادەستی سەرەکی بوون لە وڵاتدا خاوەنی تێڕوانینێکی ڕاست و دیدگایەکی ڕوون نەبوون، ئەوان نەك هەر نەیانتوانی سوود لەدەوڵەمەندیی عێراق وەربگرن بۆ بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری و بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی ئابووری، بەڵکو ساڵانە ١٠٠ بۆ ١٥٠ هەزار کەسیان دادەمەزراند، بە مەبەستی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، لەبری ئەوەی خەرجی دەوڵەت بەرەو بووژانەوەی ئابووریی وڵات ببەن، بەشی زۆربەی خەرجییەکانیان بەرەو خەرجی بەکارخستن بردووە، بەمەش چیتر لەتوانای حکومەتدا نەماوە ئەو خەرجییە زۆرە بۆ مووچەخۆران دابین بکات. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبووایە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە بری پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە هەڵەیە زۆربەی داهاتەکانیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە ستراتیژییەکان و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری خەرج بکردایە و خەڵکی لەبری دامەزراندن لەکەرتی گشتی ڕوویان لەکەرتی تایبەت بکردایە. ئەم سیاسەتە هەڵەیە بووە هۆی هەڵاوسانێکی گەورە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت قەبە بێت و، ژمارەی فەرمانبەرانی زۆر لە پێداویستییەکانی زیاتر بێت. ئابووریی عێراق پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، نرخی نەوتیش لە بازاڕەکانی جیهان ناجێگیرە و پەیوەستە بە چەندین فاکتەری ئابووری و سیاسی و ئیقلیمی و جیهانی، بێگومان کۆرۆنا و قەیرانی دارایی جیهان و ڕاوەستانی ئاستی گەشەی ئابووریی جیهانیشی هاتە سەر و وایکرد ئەوەندەی دیکە بەهای پێترۆڵ ڕوو لەدابەزین بکات و، زیانی گەورە بەر ئەو وڵاتانە کەوت کە ڕەیعین و بەپلەی یەکەم پشتیان بە داهاتی پترۆ دۆلار بەستووە، عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ٩٥٪ی داهاتەکەی لە نەوتەوەیە (هەرچەندە لەئێستادا تا ڕاددەیەك بەهای بەرمیلێك نەوت بۆ ٤٥ دۆلار بەرز بووەتەوە، بەتایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دۆزینەوەی ڤاکسینی کۆرۆنا، بەڵام تا بەهای بەرمیلێك نەوت بۆ سەرووی ٥٤ دۆلار بەرز نەبێتەوە و هەناردەی نەوتی عێراق نەچێتەوە سەرووی ٣،٥ ملیۆن بەرمیل لە

**لەبری ئەوەی خەرجی دەوڵەت بەرەو بووژانەوەی ئابووریی وڵات ببەن، بەشی زۆربەی خەرجییەکانیان بەرەو خەرجی بەکارخستن بردووە**

**تا بەهای بەرمیلێک نەوت بۆ سەرووی ٥٤ دۆلار بەرز نەبێتەوە و هەناردەی نەوتی عێراق نەچێتەوە سەرووی ٣،٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زەحمەتە داهاتە نەوتییەکانی عێراق بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە**

رۆژێکدا زەحمەتە داهاتە نەوتییەکانی عێراق بۆ دۆخی جارانی بگەڕێتەوە)، هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا ئەم بارودۆخەی عێراق هەمووی پێکەوە وایان کرد، عێراق لە مێژووی دامەزراندنیەوە بۆ یەکەمینجارە تووشی ئەم واقیعە سەختەی ئەمڕۆی دارایی بێت، کە لەکاتی خۆیدا نەتوانێت مووچەکان دابەش بکات و بە ناچاری بۆ چەندەمین جار دەست بۆ نەختینەی دراوی بیانی و قەرزکردن ببات.

*** حکومەتەکەی کازمی فۆرمێکی بۆ ریفۆرم ئامادە کردووە بەناوی (وەرەقەی سپی)، ئایا تاچەند ئەم وەرەقە سپی-یە دەتوانێت عێراق لەو پاشاگەردانییە دەرباز بکات؟**

- (وەرەقەی سپی) ئەوەندەی کێشە و گرفتەکان و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکانی لە هەیکەلی ئابووریی عێراق خستۆتەڕوو، ئەوەندە چارەسەری خێرا و بنەڕەتیی تێدا نییە، چارەسەرەکانیش جگە لەوەی تێڕوانینێکی دوورمەودایە، شتێکی نوێی تێدا نییە، ئەمڕۆ هەمووان هەر لە شارەزایانی ئابووری و پەرلەمانتاران و سیاسەتمەدارانەوە ئەو گرفت و کێشانە دەزانن کە لەچەند دەیەی رابردووەوە وڵاتەکە گیرۆدەی بووە، حکومەتەکەی کازمی و وەزارەتی دارایی هەرگیز بەم تێڕوانینانە ناتوانن بەم نزیکانە سەرچاوەی داهات بدۆزنەوە، راستە ئەرکی حکومەتی عێراق و وەزارەتی داراییە چارەسەری خێرا بۆ قەیرانی نەبوونی سیولەی نەختینەیی و دارایی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوەندەی دی کێشەی مووچە قووڵتر نەبێتەوە و، لەم پێناوەشدا لە وەرەقەی سپی چەند ریفۆرمێکی ئیداریی و ئابووری خستۆتەڕوو، بەڵام زۆربەی ئەم ریفۆرمانە بۆ وڵاتێکی دامەزراوەیی گونجاون، نەك بۆ وڵاتێك کە خۆی گرفتی قووڵی لەنەبوونی دامەزراوەیی هەیە، بۆ نموونە هاوبەشیکردنی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، یان بەگەڕخستنی ئەو کۆمپانیا و کارگەیانەی کە دەتوانن بە داهاتی بەرهەمەکانیان یان خزمەتگوزارییەکانیان تەمویلی خۆیان بکەن، ئەم هەنگاوە گرنگە و کارێکی باشە، چونکە عێراق ساڵانە ناچارە چوار تریلیۆن دینار بداتە مووچەی ئەو فەرمانبەر و کرێکارانەی لەو کارگە و دامەزراوانە کار دەکەن، بەڵام ئەم پێشنیار و بۆچوونە و ئەوانی دیکەش لەناو وەرەقەی سپی، کاتیان پێویستە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستیان بە ژینگەیەکی سەقامگیری ئابووری هەیە. کێشەی ئێستای حکومەتی عێراق لەوەدایە ئەو داهاتەی لەبەردەستی دایە بەشی مووچە و خەرجییەکانی ناکات، بۆیە دەبێ حکومەتی عێراق بیر لە هەندێ چارەسەری پەلەی رادیکاڵی بکاتەوە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی مووچە. حکومەت مانگانە پێویستی بە ٦ ملیار دۆلارە بۆ دابینکردنی مووچە و پێداویستییەکانی لەکاتێکدا کۆی داهاتی مانگانەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ مەزەندە دەکرێت بە سێ ملیار دۆلار، سەرەڕای ئەوەی حکومەت داوای ٢٣ ترلیۆن دیناری کردبوو بۆ ئەم سێ مانگە بەڵام پەرلەمان تەنیا رەزامەندی لەسەر ١٢ تریلیۆن دیناری بەمەرج داوە، وەرەقەی سپی-یش چارەسەری خێرای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی حکومەتی عێراق پێ نییە و، بۆ ئێستا هیچ سوودێکی نییە، حکومەتیش ئەم راستییە دەزانێت، بۆیە پەنای بۆ قەرزکردن بردووە.

*** وێڕای ئەو بارودۆخە خراپەی ئابووریی ئێستای عێراق، بەڵام بەهای دینار بەرامبەر دراوە بیانییەکان بەتایبەتی دۆلار جێگیرە، حەز دەکەین وەك شارەزایەك، نهێنیی جێگیریی نرخی دینارمان بەرامبەر بە دۆلار بۆ روون بکەیتەوە؟**

- بەپێی ستانداردی جیهانی هەر وڵاتێك یەدەگی دراوی بیانی بۆ هاوردەکردنی کاڵاو شمەکی تا شەش مانگ هەبێت، ئەوا دراوەکەی جۆرێك لە سەقامگیری و پاڵپشتی دەبێت، وڵاتی عێراقیش بەو پێیەی لەبازاڕە ناوخۆییەکاندا بڕی ٣٤- ٣٨ تریلیۆن دیناری هەیە و ١,٢٪ی ئەو بڕە پارەیەی بە دۆلار لەبانکی ناوەندی هەیە، بۆیە بەهای دینار بەو رادەیە نەشکاوە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی. گرفتی نەختینەیی و بەهای دینار بۆ ئەو سیاسەتە نەختینەیە هەڵەیە دەگەڕێتەوە کە لە دوای ٢٠٠٣وە پەیڕەو دەکرێت، لەکاتێکدا دەبووایە کەرتی تایبەت و بازرگان و وەبەرهێنەکان بەهای دیناریان بەهێز بکردایە لە رێگەی دابینکردنی دراوی قورسی دۆلار، کەچی حاکمی مەدەنیی ئەمریکی ئەو کات پۆل بریمەر سیاسەتێکی وای پەیڕەو کرد، تەنیا لە ماوەی یەکساڵدا لە ٩٥٪ی دۆلاری ئەمریکی بووە پترۆ دۆلار، واتە لە رێگەی داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە دابین دەکرا. من پێم وایە لە کۆتاجاردا عێراق ناچار دەبێت سیاسەتی شکاندنی بەهای دینار

**بەپێی ستانداردی جیهانی هەر وڵاتێك یەدەگی دراوی بیانی بۆ هاوردەکردنی کاڵاو شمەکی تا شەش مانگ هەبێت، ئەوا دراوەکەی جۆرێك لە سەقامگیری و پاڵپشتی دەبێت**

**ناکرێت ساڵانە ٤٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بدرێتە کاڵاو شمەکی هاوردەی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی، کەچی باس لەچارەسەر بکەین**

**ئێستا هەرچی سامان و داهاتی عێراقە تەنیا و تاك لایەنە وڵاتانی دراوسێ و جیهان سوودی لێ وەردەگرن**

بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی پەیڕەو بکات و ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر ١٥٠ هەزار دینار راوەستێت، خۆ ئەگەر حکومەتەکەی کازمی سوور بێت لەسەر پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە هەڵەیە، ئەوا لەناو بازنەیەکی داخراوی کێشە دارایی و نەختینەکانی عێراق دەسووڕێتەوە، ناکرێت ساڵانە ٤٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بدرێتە کاڵاو شمەکی هاوردەی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی، کەچی باس لەچارەسەر بکەین، دەزانن لەو بڕە سەرەوەی هاوردەکردن نزیکەی ١٥ ملیار دۆلار بۆ هاوردەی خۆراك و خواردن دەڕوات، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو بڕە پارەیە بۆ پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی خەرج بکرایە و کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ببووژێتەوە، نەك وەکو ئێستا هەرچی سامان و داهاتی عێراقە تەنیا و تاك لایەنە وڵاتانی دراوسێ و جیهان سوودی لێ وەردەگرن.

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە ئەم قەیرانە ئابوورییە دەرهاویشتەی بارودۆخە سیاسییەکەیە، ئایا ئەو رایەڵانە چین کە قەیرانی ئابووریی ئێستا بە گەندەڵیی پرۆسە سیاسییەکەوە گرێ دەداتەوە؟**

- شیعەکان کە باڵادەست بوون لە دوای ٢٠٠٣وە لە عێراقدا و بە دەوڵەتی ئیقلیمی خۆیان بەستۆتەوە و وایان کردووە هەژموونی بە سەر پرۆسەی سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە عێراقدا زاڵ بێت، ئەمان نەك تەنیا تێڕوانینێکی روونیان نەبوو لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە بۆ دەوڵەتی نوێی عێراق، بەڵکو لە رووی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و تەندروستی و بونیاتنانی ژێرخانێکی ئابووریی باش و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیشەوە کەمتەرخەم بوون و، خاوەنی دیدگا و ستراتیژییەتێك نەبوون و، شتێکیان نەهێشتۆتەوە کە عێراق وەکو دەوڵەت بێت، بەردەوام عێراق لەدوای ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا لە حاڵەتی نادەوڵەتدا دەژی و بەردەوام لە ناو گێژاوی مەزهەبی و ململانێ و ناکۆکیی سەختی سیاسی و سەربازیدا بووە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەقامگیریی سیاسی دروست کرد، لە هەموو دنیاشدا سەقامگیریی سیاسی بەردی بناغەی ئابوورییەکی بەهێزە. ئابووریی عێراق و سامان و دەرامەتەکەی و ناوچە جوگرافیایەکەی هەلێکی زێڕینی لەبەردەمدا بوو بۆ ئەوەی لەم ناوچەیە عێراق ببێتە شادەماری ترانزێت و گواستنەوەو بەستنەوەی ناوچەکە پێکەوە و دواتر بەستنەوەی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەورووپاوە، بەڵام ئەوە نەکرا و ئێستا بەشێوەیەکی گشتی عێراق لەحاڵەتی نادەوڵەتدا دەژی و دامەزراوەکان بوونیان نییە، بۆیە ناتوانێت وا بەئاسانی لە کێشە ئابوورییەکان رزگاری بێت.

*** لێرەوە بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئایاری ٢٠٢١ دەچین (ئەگەر ئەنجام بدرێت)، ئەوەی سەلمێندراویشە لەناو ئەم پرۆسە سیاسییەدا ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی (شیعە) نایانەوێت دەستیان لە حوکمڕانی بەربێت، بۆیە پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن، ئایا تاچەند بە هۆکاری نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن بارودۆخی ئابووری بەرەو خراپتر دەچێت؟**

- پرۆسەی دیموکراتیەت لە عێراق لە سەرەتادایە و ناکاملە، هەرچەندە هەموو دەوڵەتە دیموکراسییەکان بەم پرۆسەیەدا تێپەڕ بوون، کە غیابی هۆشیاریی سیاسییە. خەڵکی عێراق بەگشتی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە هوشیارییە کە بە باشی بەهای دەنگدان بزانن، لەگەڵ ئەمەشدا من لەو بڕوایەدا نیم لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٢١ هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردندا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە بۆ دەنگدەران دەبێت بایۆمەتری بکرێت، ئەنجامدانی بایۆمەتری لەم کاتەدا کارێکی هێندە ئاسان نییە و، بە لانیکەم ساڵێك بۆ ساڵ و نیوێکی دەوێت، بۆیە رەنگە هەڵبژاردنی عێراق لە حاڵەتە ئاساییەکەی خۆیدا و لە ٢٠٢٢ ئەنجام بدرێت، تەنانەت خۆ ئەگەر هەڵبژاردنیش رووبدات، گۆڕانکاریی گەورە لە دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە لەناو پێکهاتەکاندا روونادات، لەبەر ئەوەی یەکەم دەنگدان لەسەر بنەمای پێکهاتەکان دابەش بووە، دووەم لە ناو پێکهاتەکان دەنگ بۆ ئەو حزبانە دەڕوات کە پێگەیان دیارە لە ناو خەڵکی، دابەشبوونی دەنگی شیعەو سوننەش تا رادەیەك دیارە، لەناو پێکهاتەی کوردیشدا دەنگەکان تا رادەیەکی زۆر دابەش بوون و، دیارو روونە کە هەردوو حزبی زۆرینە (پارتی و یەکێتی) کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەی کوردی دەکەن لەناو دامەزراوەی دەوڵەتدا، هەربۆیە هەر ئەو دوو پارتە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنن، یەکێك لەو مەترسییانەی لەئێستادا هەیە، دامەزراندنی میلیشیاتێکی زۆری چەکدارییە کە

**عێراق لەحاڵەتی نادەوڵەتدا دەژی و دامەزراوەکان بوونیان نییە، بۆیە ناتوانێت وا بەئاسانی لە کێشە ئابوورییەکان رزگاری بێت**

**یەکێک لەو مەترسییانەی لەئێستادا هەیە، دامەزراندنی میلیشیاتێکی زۆری چەکدارییە کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەکاریان دەهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئەجینداکانیان کە مەترسی هەیە لە سەر پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت و دیموکراسی لە عێراقدا**

**لەگەڵ دابەزینی بەهای نەوتی خاو ئابووریی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە نەرێنییەکانیەوە**

**دەبێ حکومەتی عێراق پابەندی مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی بێت بەرامبەر هەرێمی کوردستان و بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی**

**هەرێمی کوردستان فاکتەری پێشکەوتنی زیاترە لەعێراق بۆ بونیاتنانی ئابوورییەک کە پشتی بە داهاتی هەمەجۆر بەستبێت**

**دەکرێت دەروازەی ئابووری ببێتە هۆی لەیەک نزیکبوونەوەو باشکردنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان هەرێم و بەغدا**

لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەکاریان دەهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئەجینداکانیان کە مەترسی هەیە لەسەر پرۆسەی بونیاتنانی دەوڵەت و دیموکراسی لە عێراقدا.

*** ئەم بارودۆخە ئابوورییە قەیراناوییەی عێراق، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەرێم و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەبێت، ئایا ئەم ئەمری واقیعە حکومەتی هەرێم ناچار ناکات، بەرەو سیاسەتێکی ئابووریی تایبەت و گونجاو لەگەڵ ئەم ئەمری واقیعە هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، ئابووریی هەرێمی کوردستانیش بەشێکی سەرەکییە لە ئابووریی دەوڵەتی عێراق، ئێمەش وەکو دەوڵەتی عێراق بە پلەی سەرەکی پشتمان بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو بەستووە و لەگەڵ دابەزینی بەهای نەوتی خاو ئابووریی هەرێمی کوردستانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە نەرێنییەکانیەوە، ئابووریی هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئابووریی دەوڵەتی عێراق، تەنیا جیاوازییەك ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان تا رادەیەك سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو ئاراستەیە کار دەکات کە پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی لە رێگەی کەرتی تایبەت ئەنجام بدات، بۆ بووژانەوەی ئابوورییەکەی و هاتنە پێشەوەی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی دروستکردنی هاوبەشی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەپێناو هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی داهات و ئەنجامدانی زۆر پرۆژەی وەکو رێگاوبان و بەنداو و پرۆژەکانی دیکەی ژێرخان کە لەلایەك بارگرانییەکی زۆر لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەوە لە رووی ئیدارە و رۆتین و کارکردنەوە باشترن، ئەوەتا لە بواری باشکردنی رێگاوبانەکان و بونیاتنانەوەی ژێرخان کاری باش و گرنگ ئەنجام دراوە.

دەبێ حکومەتی عێراق پابەندی مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی بێت بەرامبەر هەرێمی کوردستان و بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی، چونکە فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستاندا فەرمانبەری دەوڵەتی فیدراڵییە، راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی ئەو ریفۆرم و چاکسازی و هەنگاوانە دەتوانێت کێشەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام بەبێ و پابەندبوونی بەغدا بە دەستوورەوە ناتوانین هەموو کێشەکانمان چارەسەر بکەین، چونکە داهاتی هەرێمیش پەیوەستە بە نەوتەوە. سەبارەت بە کەمکردنەوەی قەبارەی حکومەت کە لە کاتی ئێستادا نزیکەی ٨٥٪ی خەرجییەکانی حکومەت بۆ مووچە دەچێت، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستی بەوە هەیە ریفۆرمی ئابووری و دارایی و کارگێڕیی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی دەرباز بێت لەو هەموو کێشە و قەیرانە، بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان فاکتەری پێشکەوتنی زیاترە لەعێراق بۆ بونیاتنانی ئابوورییەك کە پشتی بە داهاتی هەمەجۆر بەستبێت و ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی ئابووریی جیاواز لە بەغدا و سوود لە ناوچەکانی دیکەی عێراق وەربگرێت و ببێتە پێگەیەکی زۆر باشی دابینکردنی خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵی، نەك تەنیا بۆ هەرێم، بەڵکو بۆ تەواوی خەڵکی عێراق و ببێتە سەبەتەی خۆراکی عێراق.

*** بمانەوێت، یان نەمانەوێت، شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا وەك ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٢ی لێ نایەتەوە، ئەوە چەند ساڵێکیشە بە هەڵواسراویی ماوەتەوە، پێتانوایە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەرەو چ ئاراستەیەك دەچێت و ئایا بەپێی بارودۆخی تازە شێوازێکی تازەی پەیوەندیکردنی دروست دەکەن؟**

- سەرەتا لە رووی سیاسییەوە عێراق بەتایبەتی پێکهاتەی شیعە سیاسەتێکی هەڵەیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو کردووە، تەنانەت نەتوانراوە دەوڵەتێکی فیدراڵی دروست بکرێت لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون، دەکرێت دەروازەی ئابووری ببێتە هۆی لەیەك نزیکبوونەوەو باشکردنی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان هەرێم و بەغدا، لە کۆتاییشدا نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە ئێمە بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەبێت و سوودێکی هاوبەش لەنێوان هەرێم و بەغدا دروست بێت و، مافە دەستوورییەکانمان لە بەغدا وەربگرینەوە، نزیکبوونەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا رەنگە دەروازەیەکیش بێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان .



**دکتۆر ئاسۆ حەوێزی**

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی کوردستان بۆ گوڵان:

# شەپۆلی دووەمی پەتای کۆرۆنا ترسناکترە، لەبەر ئەوەی مەترسیی پەتای وەرزییش هەیە

**بەشێک لە میدیاکان لە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان کەمتەرخەمن**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە وەرزی سەرما، ئەگەری بڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا زیاتر و مەترسیدارتر دەبێت و، ڕێژەی زیاتری هاووڵاتیان ڕۆژانە تووشی ئەم پەتایە دەبن، ئەمە جگە لەوەی مەترسیی پەتای وەرزییش هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕێنماییەکان و بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی (دکتۆر ئاسۆ حەوێزی) وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**راپۆرتی خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین داخستنی قوتابخانەکان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە هەبووە، یان نا**

**لە وەرزی زستاندا جۆرەکانی ڤایرۆسی دیکەش هەیە، کە وەرزیین و بڵاودەبنەوە، بەمەش بەرگریی لەشی مرۆڤەکان بەرامبەر دوو ڤایرۆس لەیەک کاتدا کەمتر دەبێتەوە، هەر بۆیە شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا مەترسیدارترە**

**گلەییم لەسەر کەمیی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی هۆشیاریی تەندروستی هەیە کە لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێم دەردەچێت**

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی سەرمادا حکومەتی هەرێم بۆ ماوەی مانگێک دەوامی قوتابخانەکانی ڕاگرت، لە ئێستادا پێشبینییەکانی ئێوە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە چۆنە و تا چەند مەترسی لەسەر تەندروستیی هاووڵاتیان دروست دەکات؟**

- لەو ماوەیەی کە دەوامی قوتابیانی قۆناخەکانی یەکەم و دووەمی بنەڕەتی دەستی پێکرد، هەڵسەنگاندنمان بۆ بارودۆخەکە کرد، هەستمان کرد لەو ماوەیەدا بە پێی پێویست خۆپارێزی نەکراوە و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە زیاتر بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی قوتابیان لەو تەمەنەدا دەبنە هەڵگری ڤایرۆسەکە بە بێ ئەوەی نیشانەکانیان لێ دەربکەوێت، خەڵکی دیکەش تووشی کۆرۆنا دەکەن، هەروەها هەڵسەنگاندنی دیکەش لە چەند ڕۆژی داهاتوو لەسەر داخستنی قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێت و، ئێمە راپۆرتی خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بزانین داخستنی قوتابخانەکان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە هەبووە، یان نا، بە دڵنیاییەوە لە وەرزی زستاندا شەپۆلێکی بەهێزتر لەو ڤایرۆسە دەست پێ دەکات، هاوکات لە وەرزی زستاندا جۆرەکانی ڤایرۆسی دیکەش هەیە، کە وەرزیین و بڵاودەبنەوە، بەمەش بەرگریی لەشی مرۆڤەکان بەرامبەر دوو ڤایرۆس لەیەک کاتدا کەمتر دەبێتەوە، هەر بۆیە شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا مەترسیدارترە، هەر لەبەر ئەمەشە هۆشیاریی تەندروستی لەم قۆناغەدا، بەتایبەتی لێک جیاکردنەوەی نیشانەی پەتاکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشانی کۆرۆنا و ئەوانەی چاکیش بوونەتەوە زۆر گرنگە.

*** وێڕای شەپۆلی دووەم، بەڵام هەست دەکرێت کە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بە ڕێگەی میدیا، بۆ خۆپارێزی لەم پەتایە زۆر کەمە و تا رادەیەک پشتگوێ خراوە، بۆچی ئەم لایەنە گرنگە لە میدیاکان فەرامۆش کراوە؟ ئایا ناتوانن لەگەڵ میدیاکان هەماهەنگی بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام خەڵک لە مەترسیی ئەم ڤایرۆسە ئاگادار بکەنەوە؟**

- بۆ هەڵمەتی هۆشیاری لە میدیاکانەوە، ئێمە لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ وتەبێژی حکومەتی کوردستان هەموو کات باس لەوە دەکەین کە پەرە بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری بدرێت، من خۆم گلەییم لەسەر کەمیی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی هۆشیاریی تەندروستی هەیە کە لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێم دەردەچێت، ئەگەرچی ئەوەی لەسەر ئەوانە کردوویانە، لەوانە ئەو راپۆرت و ڤیدیۆیانەی کە پێویستە بە ڕێکوپێکی و بە ستانداردێکی بەهێز ئامادەی دەکەن، بەڵام بەداخەوە هەندێک کەناڵ لە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هۆشیارییە تەندروستییەکان کەمتەرخەمن.

*** ئایا ئەو ڕێوشوێنە پێویستانە چین کە دەبێ بگیرێنەبەر، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم پەتایە دابنرێت و هاووڵاتیان سەلامەت بن؟**

- لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایەوە، قەدەخەی هاتوچۆ کاریگەریی لەسەر ڕێژەی کەمبوونەوەی بەرکەوتن و تووشبوون بە ڤایرۆسەکە هەبوو، بەڵام بەداخەوە دەتوانین بڵێین ئێستا هەموو کۆمەڵگە، یان بەرکەوتەیە، یانیش ڤایرۆسەکە لەجەستەیدایە، بۆیە لە بری قەدەغەی هاتوچۆ پێمان باش بوو کە توندکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی لەم کاتەدا پیادە بکەین، چونکە جگە لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دیتمان فەرمانگە حکومییەکانیش وەك جاران و سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان نین، هەر بۆیە ڕێنمایی و ڕێوشوێنەکان توندکرانەوە، بەمەش تا رادەیەك هەست بە پابەندبوون بە خۆپارێزی دەکرێت.

*** ئێستا فەرمانگەکانی حکومەت دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن و هاووڵاتیان رۆژانە روودەکەن ئەو فەرمانگانە و لە هەندێك فەرمانگەش قەرەباڵغی هەیە، ئایا ئەو رێوشوێنانە چین کە بە ئیجباری گرتووتانەتە بەر بۆ ئەوەی هەم فەرمانبەر و هەمیش هاووڵاتی لەکاتی دەوامی فەرمیدا پێوەی پابەند بن؟**

- هەموو فەرمانگەو دەمودەزگاکانی حکومەت پێویستە رێنماییە خۆپارێزییەکان کە دیاری کراون، بەتایبەتی بەستنی ماسك و دەستەوانە و دروستنەکردنی قەرەباڵخی جێبەجێ بکەن، دەبێت لە فەرمانگەکان لە ژوورەکانیشدا فەرمانبەران لانیکەم دوو مەتر لەیەکتر دووربن، هاوکات بۆ راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان جگە لەوەی کە دەبێت هاووڵاتی رێنماییە خۆپارێزییەکان جێبەجێ بکات، هاوکات لە پرسگە، یان لەلایەن یەکەو فەرمانبەری تایبەتەوە مامەڵە لە هاووڵاتیان وەربگیرێت و ناونیشان و تەلفۆنیان لێ وەربگیرێت، کە مامەڵەکانیان تەواو بوو، ئینجا مامەڵەکان بە خاوێنی بدرێتەوە بە هاووڵاتیان، بەبێ ئەوەی قەرەباڵخی و بەرکەوتن دروست ببێت، هاوکات لەو فەرمانگانەی هاووڵاتیان زیاتر سەردانی دەکەن، دەبێت هاووڵاتیان ماسك و دەستەوانە بەکاربێنن و هەر یەکەی دوو مەتر لە دوای یەکتر راوەستن و لە هەر ژوورێکی فەرمانگەیەکیش کە هاووڵاتی سەردانی دەکات، شریتێك دانراوە دەبێت لەدوای ئەو شریتەوە مامەڵەکەی تەسلیم بکات، کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رێنماییانە، بەتەئکید هەستمان کردووە رێژەی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە کەمترە.

*** لە شوێنە گشتییەکان، بە تایبەتی شوێنە میللییەکان وەك بازاڕی شێخەڵا و لەنگە و زۆر شوێنی دیکە زۆر قەرەباڵغی هەیە، ئایا بۆ ئەم شوێنانە چ رێنماییەکتان دەرکردووە؟**

- لە دوابڕیاری لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا چەندین بڕیاری پێویست دراوە، کە یەکێك لەو بڕیارانە بەستنی ماسکە بە شێوەیەکی ئیجباری لەلایەن هاووڵاتیانەوە، ئەوەی ماسك نەبەستێت سزادەدرێت، هەرچەندە پێمان خۆشە رێنماییە تەندروستی و خۆپارێزییەکان ببێتە کولتوور و، پەنا بۆ سزادان نەبەین، بەڵام دیارە هەندێ کەس بڕیاری خۆیانداوە کە هەر پابەندی خۆپارێزی و رێنماییەکانی تەندروستی نەبن، ئەمەش کاریگەریی خراپ و مەترسیداری لەسەر ژیانی خەڵکی دیکە لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دروست دەکات و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و تووشبوونی خۆشیان، بۆیە نابێت ئێمەش دەستەوەستان بین و ئەم لایەنە گرنگە فەرامۆش بکەین.

*** سەبارەت بە شوێنە گەشتیارییەکان، ئەمانەش زۆر هەستیارن، بەتایبەتی کە بەردەوام گەشتیاری تازەیان بۆ دێت، ئایا ئەم شوێنانە سنووردار دەکرێن، یان تەنیا رێوشوێنەکانیان لەسەر توندتر دەکەن؟**

- ئێمە وەك وەزارەتی تەندروستی نامانەوێت بگاتە حاڵەتی سزادانی هاووڵاتی، هەر بۆیە هەڵمەتی هوشیاریی گشتی و هۆشیاریی تەندروستی بڵاودەکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر لە مەترسیی ڤایرۆسەکە تێبگات، کە رۆژانە ئازیزانمان لەدەست دەدەین. لەلایەکی دیکەوە قەت ئێمە نەمان وتووە شوێنەکان دادەناخەین، خۆشتان دەزانن نازانرێت ئەم پەتایە کەی تەواو دەبێت، بۆیە لەسەر بارودۆخ و هەڵسەنگاندن دەڕۆین، بەتەئکید بزانین هەر شوێنێك چەقی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەیە، ئەوە بڕیاری داخستنی دەدەین، مەرجیش نییە شوێنێك دانەخراوە، ماوەیەکی دیکە دانەخرێت، یان شوێنێك داخراوە، ئیدی نەکرێتەوە. بڕیارەکان بەپێی پابەندبوون و هەڵسەنگاندن دەبێت و هەر شوێنێك بزانین دەبێتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ئەوا دادەخرێت.

*** ئایا تاچەند ئامادەکاری بۆ ئەم حاڵەتی پێشبینی نەکراو هەیە، ئەمە لەحاڵەتێکدا ئەگەر خوانەخواستە لەگەڵ دەرکەوتنی سەرما بارودۆخەکە خراپتر بوو؟**

- زۆربەی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە وەرگرتنی نەخۆش زۆر زۆر سنووردار بوون، بەڵام ئێمە وەك وەزارەتی تەندروستی بەردەوام شوێنی نەخۆش و چاودێریی چڕ و ئامێری هەناسەدانی دەستکرد لە هەموو نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستاندا زیاد دەکەین، بەڵام ئەگەر تووشبوونی پەتاکە بەو لێشاوە بێت، ئەوە پێڕاناگەین، بۆیە دەبێت خەڵك هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەش تەنیا ئەرکی وەزارەتی تەندروستی نییە، بەڵکو دەبێ هاووڵاتیان لە هەموو روویەکەوە هاوکاربن، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین سنوورێك بۆ ئەم پەتایە دابنێین.

**بەداخەوە هەندێک کەناڵ لە بڵاوکردنەوەی رێنمایی و هۆشیارییە تەندروستییەکان کەمتەرخەمن**

**فەرمانگە حکومییەکانیش وەک جاران و سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە پابەندی رێنماییە تەندروستییەکان نین**

**هەڵمەتی هوشیاریی گشتی و هۆشیاریی تەندروستی بڵاودەکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر لە مەترسیی ڤایرۆسەکە تێبگات**

**هەر شوێنێک بزانین دەبێتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ئەوا دادەخرێت**

# هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی میدیاکاران لە بواری کاری ژینگەیی

پێدانی ناسنامەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بە میدیای ژینگەیی وەك ناسنامەی میدیای سیاسی، یان ئابووری، یان هونەری، یان وەرزشی، پێویستی بە چەند مەرجێکی بنەڕەتی هەیە، لەوانە:

١. هەبوونی دامەزراوەیەکی میدیایی تایبەت بە خۆی.

٢. هەبوونی میدیاکارانی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ لە بواری ژینگەدا.

٣. توانای کارتێکردن لەسەر تێڕوانینی تایبەت بەپرسی ژینگە.

● **گرفت و ئاستەنگە گشتییەکان**

١. نەبوونی ستراتیژییەتێکی میدیایی تایبەت بە ژینگە، لای دامەزراوە گەورە و سەرەکییەکانی میدیا.

٢. لاوازیی پسپۆڕێتی و پرۆفیشناڵیی ژینگەیی لای زۆرینەی میدیاکاران.

٣. لاوازیی زمانزانیی بیانی وەك زمانی ئینگلیزی، کە زۆربەی بابەتە نوێیەکانی ژینگە بەو زمانە بڵاو دەکرێنەوە.

٤. گرانیی نرخ و تێچووی میدیای کاغەز.

٥. کەمی، یان نەبوونی ئارەزو لای خوێنەران، بۆ باسی تایبەت بە ژینگە.

٦. فەرامۆشکردنی باسی ژینگە لای زۆربەی کەناڵە میدیاییە بیستراو و نووسراو و بینراوەکان.

٧. نەبوونی هۆکارە زانستییەکان بۆ پێوانی رای گشتی لەبارەی بایەخدان، یان بایەخنەدان بە میدیای ژینگەیی.

٨. نەبوونی میدیای خاوەن نەفەسی درێژ و بەدواداچوون بۆ کێشە ژینگەییەکان، کە ئاسەوارەکانی لە چاو رووداوەکانی دیکەدا درەنگتر دەردەکەون.

● **گرفت و ئاستەنگە تایبەتەکان**

١. نەبوون، یان کەمیی میدیاکارانی ژینگەیی پسپۆڕ لە بواری دۆزی ژینگەدا.

٢. کەمیی پسپۆڕانی ژینگە لە بواری دەرکەوتن لە بوارەکانی گەیاندن و راگەیاندن.

٣. لاوازیی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری میدیای ژینگەییدا.

٤. لاوازیی رۆڵی بڕیاربەدەست و لێپرسراوانی میدیایی لە بایەخدان بە ژینگە.

٥. نەبوونی هاندەری ماددی و واتایی بۆ راگەیاندنکارە ژینگەییەکان.

٦. نەبوون، یان کەمیی خولی میدیایی کارا بۆ پێگەیاندنی میدیاکاری ژینگەیی.

٧. کەمتوانایی میدیاکاران لە پێشکەشکردنی باسەکانی ژینگە، بەشێوازێکی ورد و ئاسان لە یەك کاتدا.

٨. پێشکەشکردنی هەواڵەکانی ژینگە وەك وەسف، نەك شیکردنەوەی قووڵ.


٩. نەبوون، یان کەمیی داتاو ژمارە و زانیاریی ژینگەیی.

١٠. کەمیی سوودوەرگرتن لە هۆکارە نوێیەکانی گەیاندن.

● **هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی میدیاکاران لە بواری کاری ژینگەیی**

١. پسپۆڕێتیی ژینگەیی تا رادەیەك شتێکی نوێیە لە نێو پسپۆڕێتییە زانستییەکاندا.

٢. سرووشتی گرفتە ژینگەییەکان لە چاو خەمە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا،



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

خەمی یەکەمی هاووڵاتیان نییە.

٣. ئامادەکردنی باسە ژینگەییەکان کاتی زیاتری پێویستە لەبەر داتاو وردەکارییەکانی.

٤. وروژاندنی باسە ژینگەییەکان کێشەی لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکانی حکومیی کەرتی تایبەتدا.

٥. بەرپرسانی نێو دەزگا میدیاییەکان کەمتر پەیامنێرەکانیان بۆ ریپۆرتاژی ژینگەیی دەنێرن.

٦. تەرخان نەکردنی بەرنامە و لاپەرە و گۆشەی تایبەت بە ژینگە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.

٧. چڕکردنەوەی ڕۆڵی دەزگا حکومییەکانی پەیوەست بە ژینگە لە بواری کۆنفرانس و بەیاننامەو لێدواندا.

٨. نەبوونی لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە ژینگە لە نێو پەرلەماندا، یان تێکەڵکردنی ژینگە لەگەڵ تەندروستیدا وەك یەك لیژنە، کەزیاتر فۆکەسی لەسەر باسەکانی تەندروستییە نەك ژینگە.

٩. نەبوونی بانکی زانیاریی ژینگەیی و داتا لە بەردەستی کارمەندانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.

١٠ نەبوونی هەماهەنگیی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی ژینگەیی لە نێوان خەمخۆرانی ژینگەدا.

**● ئامانجەکانی گەشەپێدانی میدیای ژینگەیی**

١. دروستکردنی هۆشیاریی ژینگەیی لای هاووڵاتییان و بەرپرسان.

٢. گۆڕینی ئەو ستایل و نەریتانەی ژیان کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن.

٣. هەستکردنی هەستیارانەی تاك و کۆمەڵ بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ژینگەدا.

٤. بڵاوکردنەوەی زانیاریی ژینگەیی لە هەمووانەوە بۆ هەمووان.

**● هۆکارەکانی گەشەپێدانی میدیای ژینگەیی**

١. هاریکاریکردن لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکانی وەك دامەزراوە گشتیی و ئەهلیی و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەدا، بۆ گواستنەوەی ئەنجامی کارە ژینگەییەکانیان بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

٢. بوونی پلانێکی میدیایی ژینگەیی لای ئەو دامەزراوانەی لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان پێدان.

٣. ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبارەی گرنگیی میدیای ژینگەیی.

٤. گەیشتن بە لای کەمی پسپۆڕێتیی لە بواری میدیای ژینگەییدا.

٥. کارکردن وەك یەك تیم لەلایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی ژینگەیی.

٦. ئاسانکردنی گەیشتنی میدیاکاری ژینگەیی بە زانیاری و ڕاپۆرت و هەواڵە ژینگەییەکان.

٧. بەگەورە تەماشاکردنی ڕای شەقام و وەرگرتنی بیروڕایان لە بارەی پرسە ژینگەییەکانەوە.

٨. هەبوونی بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەکان و، کردنەوەی ئەکاونت و پەیجی تایبەت بەژینگە.

٩. بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی سەرکەوتن و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بواری ژینگە.

١٠. تەرخانکردنی خەڵاتێکی ساڵانە بۆ باشترین کاری بینراو و بیستراو و خوێندراوی میدیاکارە ژینگەییەکان.